

# دەوڵەتی کوردستان

## کۆڵەگەی سەرەکیی ستراتیژیەتی باڵانسی هێز و پێگەیەکی گرنگ بۆ بردنەوەی شەڕی داعش

**ئەوەی بۆ گەلی کوردستان جێگەی شانازییە ئەوەیە کە مەرجەعییەتی هەموو ئایینەکان لە فاتیکانەوە تادەگاتە ئەزهەر، لەمەزاری شەبەک و کاکەییەوە تادەگاتە لالشی ئێزدییەکان، هەر هەموویان پێکەوە پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن و شەرعییەتی ئایینی پێدەبەخشن**

**هێزی پێشمەرگە وەک سوپای بەرگریگاری کوردستان تەواوی پێکهاتە و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی لەخۆی گرتووەو هەموو پێکەوە لەیەک سەنگەردا شەڕیان لەدژی داعش کردووە، ئەم هاوخەباتی و پێکەوەژیانە، هاوچارەنووسیی بۆ هەموو لایەک دروستکردووە، بۆیە هەمووش پێکەوە لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بەدەنگی بەڵێ بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان دەدەن**

**لە قۆناخی دەستپێکردنی شۆڕشی کوردستانەوە هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان پێکەوە بەرخۆدانیان کردووە و بەگژ داگیرکاراندا چوون و یەک چارەنووسیان هەڵبژاردووە، هەر بۆیە زۆر جاران داگیرکاران لەیەک کاتدا مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکانی کوردستانیان کاولکردووە و تەقاندوویانەتەوە**

دەرهاویشتەی شەڕ و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا هەر ئەوەندە نین کە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردۆتە ناوچەیەکی شکستخواردوو لە جیهاندا، بەڵکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی بۆتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر تەواوی جیهان و ئاشتی و ئاسایشی نیودەوڵەتی خستۆتە مەترسییەوە و سیستمی جیهانی بەرەو پاشاگەردانی بردووە، هەر بۆیە کاتێك لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی باس لە شەڕ و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت و هەوڵدەدرێت بە هەر نرخێك ئەم شەڕ و ئاژاوە و پاشاگەردانییە کۆتایی بێت، پرسەکە تەنیا گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری نییە بۆ ئەم ناوچەیە، بەڵکو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن چۆن سیستمێکی نوێی جیهانی کە ئێستا بە (سیستمی جیهانی ژمارە٢ - World Order ٢. ) باسی لێوە دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە سیستمە کۆنەکەی جیهان توانای ئەوەی نەماوە شەڕ و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێبهێنێت. راشکاوانەتر شەڕی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە رێککەوتنێکی هاوشێوەی رێککەوتنی ویستیفالیای ١٦٤٨ی ئەوروپا هەیە کە تیایدا بە دارشتنەوەی نەخشەی ئەوروپا و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کۆتایی بە شەڕی ٣٠ساڵەی ئایینی لە ئەوروپا هات.

ئیدارەی ئۆباما لەدوای کوشتنی ئوسامە بن لادەن-ی سەرۆکی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە ساڵی ٢٠١١ -٢٠١٤، ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن (disengagement)ی لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیادەکرد، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ تەواوی هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە. ئیدارەی ئۆباما پێیوابوو هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠١١ بڕی دەیان ملیار دۆلاری بۆ دروستکردنی ئەو هێزە خەرج کردبوو، دەبنە هاوپەیمانێکی جێگە متمانەی ئەمریکا لەشەڕی دژەتیرۆردا، بەڵام لە ٢٠١٤ ئەم هێزە زەبەلاحەی سوپا و ئاسایشی عێراق تەنیا لەبەردەم هێرشی چەند سەد چەکدارێك لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو زەمینەی ئەوە دروستبوو کە داعش دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی خۆی رابگەیەنێت.

راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە دوای داگیرکردنی موسڵ، ئیدارەی ئۆبامای بە ئاستێك تووشی شۆك کرد کە نەتوانێت هیچ بڕیارێك بدات و راشکاوانەش وەك فلیپ گۆردن راوێژکاری ئۆباما لە دیمانەیەکدا ئاماژەی پێکردووە، ئیدارەی ئۆباما راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعشی وەك بەرەنجامی شەڕی نێوان سوننە و شیعە لەقەڵەم داوە و بە پێویستی نەزانیوە ئەمریکا خۆی بکاتە بەشێك لە شەڕی نێوان سوننە و شیعە، بەڵام کاتێك لە ئابی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و لە دەستپێکی هێرشەکەیدا چەندین ناوچەی کوردستانی داگیرکردو لەبەرامبەردا سەرۆکی کوردستان بڕیاری شەڕی سەرتاسەری دژی داعشی داو توانی پێشڕەوییەکانی داعش رابگرێت و، پاشانیش چەندین ناوچەی وەك شاری مەخموور لەدەستی تیرۆریستانی داعش ئازاد بکات، ئیدارەی ئۆباما ستراتیژیەتی شوێن پێیەك بۆ لێدانی تیرۆریستانی (Light Footprint) دۆزییەوە، ئەمەش بەو مانایەی هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا بە ژمارەیەکی زۆر (وەك ئەوەی لەشەڕی ئەفغانستان و عێراق کردیان) دەستتێوەردان نەکەن، بەڵکو پشتگیری ئەو هێزانە بکەن و بیانکەنە هاوپەیمانی سەرەکیی خۆیان کە لەسەر زەوی دەتوانن بەرامبەر تیرۆریستانی داعش رابوەستن و ئەمریکاش بە رێگەی هێزی ئاسمانی، رۆکێتی دوورهاوێژ، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، یان ئەگەر پێویستی کرد، ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بەبەشداری ژمارەیەکی کەمی هێزی تایبەتی ئەمریکا لەگەڵ هێزی هاوپەیمانەکەیان لەشەڕی دژی داعش بەشداری بکەن.

یەکەم ئەزموونی سەرکەوتووی ئیدارەی ئۆباما لە ستراتیژیەتی شوێن پێیەك بۆ شەڕی دژی داعش (Light Footprint) لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان تاقیکرایەوە، لەم ئەزموونەدا هاوکاری ئەمریکا بۆ کوردستان نەك هەر تەنیا بووە هۆکاری ئەوەی هێرشەکانی داعش رابگیرێت، بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی داعش پاشەکشەی پێ بکرێت و چەندین ناوچەی گرنگ و ستراتیژیش ئازادبکرێنەوە و ئەفسانەی داعش وەك ئەو هێزەی لە شکان نایەت بەتاڵ کرایەوە.

دوای ئازادکردنەوەی بەنداوی موسڵ و زوممار و پاشانیش چیای شنگال، زۆر هەوڵدرا ستراتیژیەتی لایت فوتپرێنت لەگەڵ ئەو هێزانەی دیکەی عێراقیش تاقیبکرێتەوە کە لەسەر زەوی شەڕی دژی داعش دەکەن، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی لەگەڵ کوردستان و هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژە بەدەستهات، لەسەر ئاستی هێزەکانی شیعە بە حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە بەدەست نەهات و هێندەی دیکە رق و کینەی ململانێی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننەی قووڵتر کردەوە. بەڵام لە کوردستاندا وێڕای سەرکەوتنە گەورەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەرەکانی شەڕدا بەسەر تیرۆریستانی داعشدا، لەهەمانکاتدا لەناوخۆی کوردستانیشدا زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆی بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان و نێوان عەرەبی شیعە و سوننە فەراهەمکرد، کە ئێستا هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و نەتەوەیەکگرتووەکانیش سەرسامن بە تێکشکاندنی داعش لە رووی سەبازییەوە و هەروەها بەو ژینگە سیاسییە سەقامگیر و ئارامەی کە پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان سەرجەم نەتەوە و ئایینەکان دروستکردووە.

بەپێی ئەو دیراسەتانەی تائێستا لەسەر ستراتیژیەتی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بۆ شەڕی دژی تیرۆر کراون، هەروەها ئەو هەنگاوانەی ئیدارەی ترەمپ بەکردەیی لە شەڕی دژی داعش گرتوویەتەبەر، بەشێوەیەك لەشێوەکان درێژەپێدانە بە ستراتیژیەتی لایت فوتپرێنتی ئیدارەی ئۆباما، بەڵام هەنگاوەکانی ئیدارەی ترەمپ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم ئیدارەیە هەمان ستراتیژ بەڵام بە پشتگیری زیاتری هاوپەیمانەکەیان لەناوچەکە و بە پۆلێنکردنی هاوپەیمانەکانیان جێبەجێ دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیدارەی ترەمپ تەنیا ئامانجی خۆی لە رووخانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش چڕناکاتەوە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لە ریشەهەڵکێشانی فیکری توندڕۆیی رایدیکالیزمی ئیسلامییە کە دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ تیرۆریزم، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ تەنیا مەبەستی مەزهەبێکی دیاریکراو (سوننە) نییە لە ئیسلامدا، بەڵکو مەبەستی فیکری توندڕۆیی هەردوو مەزهەبی (شیعە و سوننە)یە، کە هەر یەکەیان بەشێوەیەك رێکخراوی تیرۆریستی هاوشێوەی یەکتری بەرهەمدەهێنن، ئەمەش مانای ئەوەیە پشتگیری ئیدارەی ئەمریکا بەگشتی و ئیدارەی ئێستای ترەمپ بۆ ئەو هێزە شیعەیانەی کە ئێستا لەسەر زەوی شەڕی داعش دەکەن، بەوجۆرەیە کە نابێت لەشەڕی دژی داعشدا لایەنی شیعە وەك براوەی شەڕەکە دەربکەوێت و لایەنی سوننە وەك دۆڕاوی شەڕەکە سەیر بکرێت و شیعە چی دەوێت بۆی بچێتەسەرو سوننە وەك لایەنێکی دۆڕاو ملکەچی مەرج و فەرمانەکانی لایەنی شیعە بێت.

لەناو ئەم هاوکێشەیەی کە خەریکە بەرەو کۆتایی خەلافەتی ئیسلامی داعش دەچین، کوردستان بارودۆخێکی تایبەتی هەیە و ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەموو ئەو هێز و دەوڵەت و لایەنانە بە شێوەی داعش سەیردەکەن کە هەوڵدەدەن کوردستان بخەنە چوارچێوەی شەڕ و ململانێی نێوان شیعە و سوننە، یان ئەو بەرەی شیعە کە بەسەرپەرشتیی ئێران هەوڵی ئەوە دەدەن، تەواوی جوگرافیای دوای نەمانی خەلافەتی داعش وەك دەستکەوتی شەڕ مامەڵەی لەگەڵ بکەن، ئەوا لەم حاڵەتەدا کوردستان دیسان دەبێتە ئەو هێڵە سوورەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانان سنووریان بۆ دادەنێن و ئەگەر لاسایی هەمان موجازەفە و غرووری تیرۆریستانی داعش بکەنەوە، ئەوا هەمان مامەڵەی داعشیان لەگەڵ دەکرێت.

## • دوای نەمانی خەلافەتی داعش توندڕۆیی شیعە و سوننە وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت

لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردنی موسڵ و دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی ئەو پشکەی بەپێی رێککەوتنی نێوان (کوردستان و عێراق و ئەمریکا) بۆی دیاریکرابوو، بەسەرکەوتوویی ئازادی بکات و سەرۆکی کوردستان لە باشیك-ەوە پەیامی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی ئاراستەی کوردستان و جیهان کرد، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق بەوجۆرە لێدوانی دەدا، کە دوای ئازادکردنی موسڵ شەڕی ئەوان کۆتایی نایەت و ئەم شەڕە درێژ دەبێتەوە بۆ سووریا و تا دەگاتە یەمەن، لەمەش زیاتر هەڕەشەی لە هێزی پێشمەرگەی

**ئەوانەی لە پرۆسەی ریفراندۆمدا دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەن، تەنیا کورد نین، بەڵکو کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشووری و موسڵمان و مەسیحی و کریستیان و ئێزیدی و ئەرمەن و سائبە و شەبەکن کە هەموو بۆ پێکەوەژیان و برایەتی و لێبووردەیی بڕیار لەسەر سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دەدەن**

**دەمێکە وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەن بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ ناوچەکە و جیهان دراوەتەوە کە ئامانج لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەوەیە کە لاپەڕەیەکی پێوەندیی نوێ لە نێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان دەست پێبکات و هەروەها لاپەڕەیەکی نوێی دیالۆگی برایانە لە نێوان کورد و عەرەب و تورك و فارس بێتە ئاراوە، دوژمنایەتی و رقی رابردوو بگۆڕێت بۆ خۆشەویستی و برایەتی**

**ئێران خۆی پێش هەر لایەنێکی دیکە زۆر باش دەزانێت، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی بەرەی نوسرە و قاعیدەی عێراق و داعش هەر هەمووی ئاکامی ئەو جوگرافیا سەقەتەی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراقە کە نەخشەی سایکس پیکۆ دروستی کردوون**

**ئەنتۆنیو گۆتێرس ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێک لە هەفتەی رابردوو سەردانی کوردستانی کرد، سەرسامی خۆی بە ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەربڕی و سەرۆکی کوردستانیش راشکاوانە بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی راگەیاند کە کوردستان ئەمساڵ پرۆسەی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان ئەنجامدەدات و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەم هەنگاوەی وەک هەنگاوێکی پەسەند و مافی رەوای گەلی کوردستان سەیر کردووە**

**ئەگەر سەیری هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر کوردستان بکەین (بە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستانیشەوە)، دەبینین ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و بەشێکی سەرەکین لە شەڕی جیهانی دژی تیرۆر، سەربەخۆیی کوردستان وەک ستراتیژیەتێک بۆ بردنەوەی تەواوی شەڕی دژی داعش سەیر دەکەن و پێشوازی لەهەنگاوەکانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن**

کوردستان دەکرد، بەوەی دەبێت بکشێنەوە بۆ سنووری ١٩ی ئاداری ٢٠٠٣ واتە ئەو سنوورەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق دەستی پێکرد، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی کاری ئیدارەی ترەمپ لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ و دەرکردنی کۆمەڵێك بڕیاری جێبەجێکاری لەلایەن ترەمپەوە، ئەوە دەستنیشانکرا کە ئەو مەدی شیعەگەراییەی ئێران سەرپەرشتی دەکات، جۆرێکە لە هەناردەکردنی تیرۆر و ئێرانیشی وەك سپۆنسەری چەند رێکخراوێکی تیرۆریستی شیعەگەرا پێناسەکردو هەروەها سزای ئابووریشی لەسەر چەندین کەسایەتی و دامودەزگا سەپاند کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لینکیان لەگەڵ ئەو رێکخراوانەدا هەیە.

ئەم هەنگاوەی ترەمپ لەلایەن دەوڵەتانی سوننەی عەرەبەوە لەسەرووی هەمووشیانەوە عەرەبستانی سعودیە بەگەرمی پێشوازی لێکرا و بەوەرچەرخانێکیان لەقەڵەم دا کە ئیتر بەرەی شیعە ناتوانێت تێکشکانی تیرۆریستانی داعش وەك سەرکەوتنی شەڕ بۆ خۆیان تەماشا بکەن، یان بەوجۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لەهەمانکاتیشدا دەوڵەتانی عەرەبیش بە گەشبینی سەیری واقیعی ئێستا دەکەن، هەروەك چۆن لە لوتکەی کۆمکاری عەرەبی کە هەفتەی رابردوو لە شاری بەحرولمەیت لە ئوردن بەڕێوەچوو، تیایدا بۆ یەکەمین جار پادشای سعودیە شا سەلمان بۆخۆی بەشداری تێدا کرد و، زۆر بە توندی پێداگری ئەوەیان کرد کە ئێران مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاستی ناوچەکەو دەبێت سنووری بۆ دابنرێت، سنووردانان بەو مانایەیە کە چیتر ئێران بەو شێوەیەی پێشان هەوڵنەدات کە ببێتە هۆکاری ناسەقامگیریی تەواوی ناوچەکە لە یەمەنەوە تا دەگاتە کەنداوی عەقەبە لە ئوردن. هەروەها لەو کاتەشەوە تا ئێستا دەبینین بڕیارەکانی ترەمپ بۆتە لغاوێك بۆ مالیکی و سەرکردە توندڕۆکانی حەشدی شەعبی هاوشێوەی غەزعەلی و موهەندیس کە نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەڕەشە و لێدوانی توندئامێز دژی کوردستان و هەروەها دژی سوننەش بدەن. ئەمە لە کاتێکدا پێشتر زۆر بەئاشکرا لە هۆیەکانی راگەیاندن بە هێزەکانی حەشدی شەعبی-یان دەگوت: (حەشدی موقەدەس). دیارە ئەگەر حەشد موقەدەس بێت، ئەوا شەڕەکەی دەبێتە شەڕێکی موقەدەس و شەڕی موقەدەسیش بێگومان بە تێگەیشتنی ئیسلامی (ئەوجا مەزهەبەکە شیعە بێت، یان سوننە) بەو شەڕە دەگوترێت کە دەچێتە قاڵبی جیهاد و بەرامبەرەکەشی وەك مورتەد و کافر سەیردەکرێت، ئەمەش ئەو مەترسییە گەورەیەیە کە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لێی دەترسێت و ستراتیژیەتی لایت فوتپرنێت لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرکەوتنی سیاسەتی پشتگیری لە جێگە پێیەك بۆ شەڕی تیرۆر، یان لایت فوتپرنێت، ئەوکاتە سەرکەوتوو دەبێت کە ئەو هێزەی لەسەر زەوی شەڕی دژی تیرۆریستانی دژی داعش دەکات، داب و نەریت و ئەخلاقی نەتەوەیی رێگەی ئەوەی پێنەدات رەفتاری قێزەوەن و دڕندانە لەبەرامبەر ئەو خەڵکە ئەنجام بدات کە دوای تێکشکاندنی تیرۆریستان لە شوێنەکانی خۆیان دەمێننەوە، بەڵام لەماوەی چەند ساڵی رابردوو لە چەندێن شوێنی وەك تکریت و فەلوجە و رومادی رەفتاری حەشدی شەعبی لەلایەن رێکخراوەکانی چاودێری مافی مرۆڤ و خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراون کە چۆن بەشێوەیەکی دڕندانە مامەڵە لەگەڵ دانیشتووانی عەرەبی سوننەی ئەو ناوچانە دەکەن کە دوای تێکشکاندنی داعش دەکەونە بەردەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی، ئەم مەترسییە لەسەردەمی ئیدارەی باراك ئۆباما-شدا هەستی پێکرابوو، هەر بۆیە گوشار خرایە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە هێزێکی میلیشیای مەزهەبگەراییەوە بەیاسا بگۆڕێت بۆ هێزێك لەچوارچێوەی سوپا و هێزەکانی ئاسایشی عێراق و راستەوخۆش فەرمان لە فەرماندەی گشتی هێزەکانی عێراقەوە وەربگرن.

لایەنێکی دیکەی مەترسیدار، دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی خوێناوییە لە نێوان شیعە و سوننە و دروستبوونی رێکخراوی هاوشێوەی داعشە لەناو هەردوو مەزهەبەکەدا، لەبەر ئەوەی بە تێکشکاندن و رووخاندنی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە سووریا و عێراق، داعش وەك فیکر و رێکخراوی تیرۆریستی کۆتایی پێنایەت و ئەو چەکدارانەی دوای نەمانی خەلافەتی داعش دەمێننەوە، زۆر بە ئاسانی دەتوانن خۆیان بگەیەننە رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەی هاوشێوەی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلشەباب لە سوماڵ و

داعش لە لیبیا و قاعیدە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی، لەناو عێراق و سووریاشدا زەمینە خۆش دەبێت بۆ شێوازێکی دیکەی یاخیبوون و شەڕی گروپی بچووك و دووبارە خۆڕێکخستنەوەیان بۆ تۆڵەسەندنەوە.

کەواتە ئەو ئاماژانەی ئێستا لە کۆتاییەکانی شەڕی دژی داعشەوە دەردەکەون، ئێستا لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعشەوە هەستی پێکراوە و دەیانەوێت بەهەر نرخێك بێت ڕێگەنەدەن کە شەڕی نێوان شیعە و سوننە بەشێوەیەکی دیکە بەردەوام بێت، یان لە کۆتایی شەڕەکەدا بەوجۆرە بشکێتەوە، شیعە وەك لایەنی براوە و سوننە وەك لایەنی دۆڕاو دەربکەوێت.

لەسەر ئەم بنەمایە و بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ڕووبەڕووی ئەو ئاکامە نەخوازراوە نەبنەوە کە ئیدارەی ئۆباما لە ٢٠١٤ لەعێراق و لە ٢٠١٥ لەیەمەن تووشیان بوو، ئەوا بۆ شێوازی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو هێزە لۆکاڵانەی دەکەونە بەرەی شەڕی دژی تیرۆر، دوو چەمکی تازە بۆ ستراتیژیەتی لایت فوتپرنێت زیاد کراوە، کە یەکەمیان بریتییە لە دەستنیشانکردنی توندڕۆیی رادیکالیزمی ئیسلامی (واتە شیعە و سوننە) بۆ هاندانی تیرۆر کە دەبێت هەردووکیان پێکەوە ریشەکێش بکرێن، دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەمریکا بەکردەیی لەسەر زەوی بە ژمارەیەکی دیاریکراو بوونی هەبێت و پاشانیش بە ڕێگەی هێزی ئاسمانی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و مووشەکی دوورهاوێژ تەنانەت ئەگەر پێویست بکات بە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزە تایبەتەکان، هەڕەشەی ئەو لایەنە توندڕەوە رادیکالە ئیسلامییانە سەرکوت بکرێت، کە دەبێتە هۆکاری هاندانی تیرۆر و ڕەفتاری دڕندانە. راشکاوانە ئەم گۆڕانکارییە مانای ئەوەیە ئەگەر لەدوای ئازادکردنی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ هەوڵە سیاسییەکان کەوتنە کار بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی عێراقی عەرەبی لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننەدا، ئەوا ئەمریکا لێ ناگەڕێت سوننە وەك لایەنی دۆڕاوی شەڕەکە دەربکەوێت و شیعە وەك لایەنی براوە، بەڵکو هێزێکی سەربازی و ئاسایش لەناو پێکهاتەی عەرەبی سوننە دروست دەکرێت، ئەم هێزە راستە بەشێك دەبێت لە سوپا و هێزەکانی ئاسایشی عێراق، بەڵام بەشێوەیەکی لامەرکەزی لەلایەن سوننەوە سەرپەرشتی دەکرێت و ئەگەر هێزی شیعە و حەشدی شەعبی بووە هەڕەشە لەسەر عەرەبی سوننە، ئەوا ئەمریکا وەك هاوبەشێکی خۆی لەشەڕی دژە تیرۆر بەهەموو ئەو شێوازانە هاوکارییان دەکات و ڕێگەنادات کە هێزەکانی شیعە، عەرەبی سوننە لەناوچەکانی خۆیان سەرکوت بکەن.

دیارە سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە لە تێڕوانینی ئەمریکا و هاوپەیمانیی دژی داعش، هەروەها لەگفتوگۆی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا بۆ ئایندەی ناوچەکە پاش داعش، جۆرە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەشی لە ناو خۆیان و لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەش دروست کردووە، بەوەی کە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە دوای کۆتاییهاتنی داعش شەڕەکە بەجۆرێکی دیکە لەنێوان شیعەو سوننە بەردەوامی نەبێت، خاڵی سەرەکی و گرنگیش بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە ئەوەیە کە هێزەکانی ئێران و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق و سووریا و تەواوی ناوچەکە کۆتایی پێبێت، ئامانج لەم داخوازییە هاوبەشە کە خەریکە دەبێتە داخوازییەکی گشتی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی دژی داعش، ئەوەیە کە سیمای شەڕەکە لە شەڕێکی ئایینی پیرۆزکراوی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی ئاسایی کە بتوانرێت لەسەر مێزی وتووێژ و دانوستاندن ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئێران دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستی و نفوزی وەك ئێستا لە ناوچەکەدا بەردەوام بێت، ئەوا سەرەنجام نەك هەر شەڕەکە کۆتایی نایەت، لەهەمانکاتدا ستراتیژیەتی شەڕی دژی تیرۆریستان لەسەر ئاستی هەموو جیهان شکست دەهێنێت، ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ تیرۆریستان کە هێندەی دیکە پەل و پۆی خۆیان لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان فراوان بکەن، هەروەها ڕێژەیەکی گەورەی گەنجانی توندڕۆ لەسەرانسەری جیهانەوە پێوەندی بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە بکەن.

### ● کوردستان نایێتە بەشێك لەشەڕی شیعە و سوننە

کاتێك باس لە کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش دەکرێت، ئەوا جوگرافیای سیاسیی کۆنی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرچاوەی توندڕۆیی

**حکومەتی ئێستای عێراق و سوپاکەی ناتوانرێت وەک کوردستان و هێزی پێشمەرگە، لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە متمانەیان پێبکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاوشانی سوپای عێراق، هێزێکی دیکەی مەزهەبگەرا بوونی هەیە کە حەشدی شەعبییە و زۆر لە سوپای عێراق بەهێزترەو لەهەمانکاتدا ئەم هێزە مەزهەبگەراییەی حەشدی شەعبی شیعەی عێراقیش بە هاوشێوەی هێزەکانی گاردی شۆڕشگێری ئێران خۆیان بە دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەزانن**

**لەسەر ئەم نەخشە سەربازییەی شەڕی داعش لە ناوچەکە دروستی کردووە، دەبینین ئەو هاوپەیمانەی لە ستراتیژیەتی دژی تیرۆری ئیدارەی ترەمپ جەختی لەسەر دەکرێتەوە، کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا دەوڵەت و تەنیا سوپان کە دەکرێت لە شەڕی دژی داعش و دژی تیرۆریستان بەگشتی وەک هاوپەیمانێکی پشت پێبەستوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

**کوردستان لەشەڕی دژی داعشدا بووە پێگەی سەرەکیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش بۆ وەرچەرخانی ئاراستەی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی جیهانی ئازاد و تەنیا کیانی سیاسییە لەسەر تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و ئەم هێزە وەک سوپایەکی هاوچەرخ زۆر پرۆفیشناڵانە شکستی بە تیرۆریستیانی داعش هێناوە**

**کێشەی سەرەکیی ئەو جوگرافیا سیاسییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێ پێکهاتووە، ئەوەیە خودی ئەو جوگرافیا سیاسییە بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە لەچوارچێوەی نەخشەی سایکس-پیکۆ دارێژراوە کە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی ناو ئەو جوگرافیایە ئازاد نەبن، بەڵکو بەجۆرێک پێکەوە کۆکراونەتەوە کە هەموو کات بەهۆی هێزێکی دەرەکی و رژێمێکی سەرکوتکار نەبێت، سەقامگیری لەو دەوڵەتانەدا دروست نەبێت**

رادیکاڵی ئیسلامی هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە لەقەڵەم دەدرێت. کێشەی سەرەکیی ئەو جوگرافیا سیاسییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێ پێکهاتووە، ئەوەیە خودی ئەو جوگرافیا سیاسییە بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە لەچوارچێوەی نەخشەی سایکس-پیکۆ دارێژراوە کە نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی ناو ئەو جوگرافیایە ئازاد نەبن، بەڵکو بەجۆرێک پێکەوە کۆکراونەتەوە کە هەموو کات بەهۆی هێزێکی دەرەکی و رژێمێکی سەرکوتکار نەبێت، سەقامگیری لەو دەوڵەتانەدا دروست نەبێت، بۆ ئەمەش ئەگەر سەیری مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردووی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین هەموو کات بەهۆی بوونی هێزی دەرەکییەوە جۆرێک لەسەقامگیری تێدا دروست بووە، هەر بۆیە کاتێک ئەم هێزانە کاریگەرییان نەمابێت، وەک ئەوەی لە ٢٠١١ ـەوە ئیدارەی ئۆباما لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلان (Disengagement) پیادەی کرد، بارودۆخەکە بەو ئاستە گەیشت کە ئێستا دەیبینین. دیارە لەکۆتایی ٢٠١٤ خۆیشی لێی پاشگەزبۆتەوە و پەنای بۆ ستراتیژیەتی شوێن پێیەک بۆ دژایەتی تیرۆر بردووە. تەنانەت لە ئێستاشدا کە باس لە ستراتیژیەتی دژی تیرۆر لە ئیدارەی ترەمپ دەکرێت، پسپۆڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەگەر ئەمریکا بوون و قورساییەکی تەواوی لەناوچەکەدا نەبێت، ئەوا بۆشاییەکی هێز دروست دەبێت کە دۆست و هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا بۆ نموونە میسر و سعودیە دوچاری مەترسیی گەورە دەبنەوە.

لەدوای شەڕی عێراق و ئەفغانستانەوە، رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هێزی دەرەکی ناتوانێت ئەو کێشە خوێناوییانەی نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە چارەسەربکات، لەهەمانکاتدا دەستتێوەردانی سەربازیش بۆ رووخاندنی ئەو رژێمانە، دەبنە سەرچاوەی ناسەقامگیری لە ناوچەکە و هەڕەشە بۆ سەر جیهان، هەروەها دەبێتە هۆکاری ئەوەی تووڕەیی ئیسلامی رادیکاڵی زیاتر گەشە بکات و رێکخراوە تیرۆریستییەکان بەهێزتر بن، لەهەمانکاتیشدا ئەگەر هێزی دەرەکی بەتایبەتی ئەمریکا بوونی لەناوچەکەش نەبێت، ئەوا وەک ئێستا پاشاگەردانی و بێ سیستمی دروست دەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ناوچەکە پێویستی بەوەیە نەخشەکەی بەوشێوەیە دابڕێژرێتەوە کە بتوانرێت بەبێ بوونی هێزی دەرەکی، ئاشتی لەنێوان نەتەوە و دەوڵەتەکانی ناوچەکە دروست ببێت و بتوانن بە ئارامی بژین، بۆیە لەم حاڵەتەدا کیانێکی سیاسی وەک باشووری کوردستان کە بە دیفاکتۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و ئەم دەوڵەتەش بۆتە سەرچاوەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانیدا، ئەوا ئەم حاڵەتە دەبێتە نموونەیەکی زیندوو بۆ ئەوەی لەکوردستانەوە بیر لە شێوازێکی تازەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ لەسەر ئاستی ناوچەکە بکرێتەوە.

کوردستان لەشەڕی دژی داعشدا بووە پێگەی سەرەکیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش بۆ وەرچەرخانی ئاراستەی شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی جیهانی ئازاد و تەنیا کیانی سیاسییە لەسەر تەواوی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتووە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و ئەم هێزە وەک سوپایەکی هاوچەرخ زۆر پرۆفیشناڵانە شکستی بە تیرۆریستیانی داعش هێناوە، لەبەرامبەردا ئەگەر سەیری عێراق بکەین، دەبینین هەتا ئێستا عێراق نەبۆتە خاوەنی ئەو سوپایە کە بەتەنیا بتوانێت وەک سوپایەکی پرۆفیشناڵ لەشەڕی دی تیرۆریستانی داعش سەرکەوتوو بێت و لەزۆر شوێنیش ئەگەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەبووبن، ئەوا سوپای عێراق نەیتوانیوە لەشەڕەکەدا سەرکەوتوو بێت، لەسووریاش بە راشکاوی بینیمان کاتێک سوپاکەی بەشار ئەسەد نەیتوانی بەرگری بکات و دیمەشق کەوتە مەترسییەوە، لە باشووری لوبنانەوە میلیشیاکانی حزبوڵا و لە عێراقەوە میلیشیاکانی عەسائبی ئەهلی هەق و لە ئێرانەوە پاسدار فریای ئەسەد کەوتن و نەیانهێشت دیمەشق بکەوێت.

لەسەر ئەم نەخشە سەربازییەی شەڕی داعش لە ناوچەکە دروستی کردووە، دەبینین ئەو هاوپەیمانەی لە ستراتیژیەتی دژی تیرۆری ئیدارەی ترەمپ جەختی لەسەر دەکرێتەوە، کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا دەوڵەت و تەنیا سوپان کە دەکرێت لە شەڕی دژی داعش و دژی تیرۆریستان بەگشتی وەک



هاوپەیمانێکی پشت پێبەستوو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەپێچەوانەوە حکومەتی ئێستای عێراق و سوپاکەی ناتوانرێت وەك کوردستان و هێزی پێشمەرگە، لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە متمانەیان پێبکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هاوشانی سوپای عێراق، هێزێکی دیکەی مەزهەبگەرا بوونی هەیە کە حەشدی شەعبییە و زۆر لە سوپای عێراق بەهێزترەو لەهەمانکاتدا ئەم هێزە مەزهەبگەرایییەی حەشدی شەعبی شیعەی عێراقیش بە هاوشێوەی هێزەکانی گاردی شۆڕشگێری ئێران خۆیان بە دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەزانن، چەمکی تیرۆر و پێناسەی تیرۆر لای ئەم هێزە تەنیا باڵادەستیی مەزهەبگەرایی و نەهێشتنی شکۆی مەزهەبی سوننەیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ناتوانرێت، حکومەتی عێراق و سوپاکەی وەك هاوپەیمانێکی پشت پێبەستووی شەڕی دژی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ئەگەر ئەم مەترسییە لەبەرچاو نەگیرێت، هەمان سیناریۆی ساڵی ٢٠١٤ دروست دەبێتەوە کە ئیدارەی ئۆباما بە وردی حیسابی بۆ نەکردبوو.

کەواتە ئەگەر لەچوارچێوەی ستراتیژیەتی لایت فوتپرنێت، مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بریتی بێت لەو پێگە جوگرافییەی کە هێزەکەی هەم توانای ئەوەی هەیە لەشەڕدا تیرۆریستان تێکبشکێنێت و هەك لەسەر ئاستی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش ئەو توانایەی هەبێت کە پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبە جیاوازەکان دابین بکات، ئەوا ئەم پێگەیە دەبێت وەك خۆی بمێنێتەوە و ببێتە خاوەنی سەروەریی خۆی وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی لەو ژینگەیە جیابکرێتەوە کە دوای نەمانی خەلافەتی داعش، مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت ململانێ و شەڕی نێوان شیعەو سوننە بەجۆرێکی دیکە دەست پێبکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر کوردستان بکەین

**کاتێک باس لە کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش دەکرێت، ئەوا جوگرافیای سیاسیی کۆنی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی سەرچاوەی توندڕۆیی رادیکاڵی ئیسلامی هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە لەقەڵەم دەدرێت**

**ئەگەر ئێران دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستی و نفوزی وەک ئێستا لە ناوچەکەدا بەردەوام بێت، ئەوا سەرەنجام نەک هەر شەڕەکە کۆتایی نایەت، لەهەمانکاتدا ستراتیژیەتی شەڕی دژی تیرۆریستان لەسەر ئاستی هەموو جیهان شکست دەهێنێت**

**لەماوەی چەند ساڵی رابردوو لە چەندێن شوێنی وەک تکریت و فەلوجە و رومادی رەفتاری حەشدی شەعبی لەلایەن رێکخراوەکانی چاودێری مافی مرۆڤ و خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە تۆمارکراون کە چۆن بەشێوەیەکی دڕندانە مامەڵە لەگەڵ دانیشتووانی عەرەبی سوننەی ئەو ناوچانە دەکەن کە دوای تێکشکاندنی داعش دەکەونە بەردەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی**

(بە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستانیشەوە)، دەبینین ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و بەشێکی سەرەکین لە شەڕی جیهانی دژی تیرۆر، سەربەخۆیی کوردستان وەك ستراتیژیەتێك بۆ بردنەوەی تەواوی شەڕی دژی داعش سەیر دەکەن و پێشوازی لەهەنگاوەکانی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، تەنانەت ئەنتۆنیو گۆتێرس ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێك لە هەفتەی رابردوو سەردانی کوردستانی کرد، سەرسامی خۆی بە ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەربڕی و سەرۆکی کوردستانیش راشکاوانە بە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی راگەیاند کە کوردستان ئەمساڵ پرۆسەی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان ئەنجامدەدات و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەم هەنگاوەی وەك هەنگاوێکی پەسەند و مافی رەوای گەلی کوردستان سەیر کردووە، هەموو ئەمانە پێکەوە مانای ئەوەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، پرسی سەربەخۆیی کوردستان وەك مافێکی شەرعیی خەڵکی کوردستان سەیردەکەن.

بەڵام ئەگەر سەیری ئەو بەرەیە بکەین کە ئامانجی دروستکردنی هیلالی شیعەیە و شەڕی دی داعش وەك شەڕی نێوان شیعە و سوننە سەیردەکات، هەموو ئامانجەکانی لە پێداگریکردن لە یەکپارچەیی عێراق و سووریا چڕکردۆتەوە، کە ئێران خۆی پێش هەر لایەنێکی دیکە زۆر باش دەزانێت، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی بەرەی نوسرە و قاعیدەی عێراق و داعش هەر هەمووی ئاکامی ئەو جوگرافیا سەقەتەی هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراقە کە نەخشەی سایکس پیکۆ دروستی کردوون. کەچی دەبینین بەرەی مەدی شیعەگەرایی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو جوگرافیایە وەك خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە چوارچێوەیەك بۆ دەرکەوتنی باڵادەستیی شیعەگەرایی و دروستبوونی هیلالی شیعی وەك پشتوێنەیەك بۆ پاراستنی ئەمنی و باڵادەستیی شیعە لەناوچەکەدا. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوەی لەو جوگرافیایەدا نەبێتە بەشێك لەمەدی هیلالی شیعی، یان بەشێوەیەك لە شێوەکان لە روانگەی ئێرانەوە ببێتە ئاستەنگ بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژە مەزهەبگەراییە، ئەوا وەك لایەنی دژ سەیردەکرێت و دەبێت بەرپەرچ بدرێتەوە. لەم بازنەیەدا ئێران وەك لایەنی دژ و نەیار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان خۆی پیشاندەدا، یان دەیەوێت گوشار بخاتە سەر کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لەو پرۆژەیە بۆ ئەوەی ڤیزەی سەربەخۆیی کوردستان وەربگرێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئامانج لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەستپێکی پرۆسەی پێکەوەژیان و ئاشتییە لەنێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی ناوچەکە، یاخود سەرەتای جەمسەربەندییەکی دیکە دەبێت بۆ پێکدادان و ململانێی نێوان نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانی دیکە؟ بێگومان دەمێکە وەڵامی ئەم پرسیارە لەلایەن بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ ناوچەکە و جیهان دراوەتەوە کە ئامانج لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەوەیە کە لاپەڕەیەکی پێوەندیی نوێ لە نێوان دەوڵەتی کوردستان و دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان دەست پێبکات و هەروەها لاپەڕەیەکی نوێی دیالۆگی برایانە لە نێوان کورد و عەرەب و تورك و فارس بێتە ئاراوە، دوژمنایەتی و رقی رابردوو بگۆڕێت بۆ خۆشەویستی و برایەتی، ئەم ئاراستەیەی سەرۆکی کوردستان هەنگاوی لەسەر هەڵدەگرێت، هەموو دەوڵەتانی جیهانی ئازاد بەچاوی رێزەوە پێشوازی لێدەکەن و دەخوازن کە تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە ببنە هەوێنی سەقامگیری و پێکەوەژیانی برایانە لە ناوچەکەدا،ئەمەش هەر ئەم ئاراستەیەیە کە کۆتایی بە شەڕ و ململانێ خوێناوییەکان دەهێنێت و نەخشەی رێگە بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی دروست دەکات.

## ● ریفراندۆم سەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوەیەك بەشێوەیەکی ئاشتییانە نەك شەڕ

ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستاندا تەنیا پرۆسەیەك نییە کورد تیایدا بڕیار بدات و خواست و ئامانجی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانە، بەڵکو پرۆسەکە لەوە فراوانترە کە تیایدا تەواوی نەتەوەو ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان رای خۆیان دەردەبڕن، بەوەی ئامادەن پێکەوە بژین و ئەم پێکەوەژیانەش پێویستی بە کیانێکی سەربەخۆیە بۆ ئەوەی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی هێزی سەروەریی دەوڵەتی کوردستان دیاری بکات.

کەواتە ئەوانەی لە پرۆسەی ریفراندۆمدا دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەن، تەنیا کورد نین، بەڵکو کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشووری و موسڵمان و مەسیحی و کریستیان و ئێزیدی و ئەرمەن و سائبە و شەبەکن کە هەموو بۆ پێکەوەژیان و برایەتی و لێبووردەیی بڕیار لەسەر سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دەدەن. بەمجۆرە ئەمە یەکەمین جار دەبێت لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخەوە کە کۆمەڵێك نەتەوەو ئایینی جیاواز پێکەوە بەشداری پرۆسەی ریفراندۆم بن بۆ ئەوەی چارەنووسی نیشتمانێکی هاوبەش لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردستاندا بۆ خۆیان دیاری بکەن.

ئەم حاڵەتەی کە هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە بڕیار لەچارەنووسی خۆیان دەدەن، پرۆسەیەك نییە هەر لەخۆڕا دروست بوبێت، بەڵکو بەدرێژایی مێژوو ئەم پێکەوە ژیان و لێبووردەییە لە نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەبووە، هەر بۆیە لە قۆناخی دەستپێکردنی شۆڕشی کوردستانەوە هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان پێکەوە بەرخۆدانیان کردووە و بەگژ داگیرکاراندا چوون و یەك چارەنووسیان هەڵبژاردووە، هەر بۆیە زۆر جاران داگیرکاران لەیەك کاتدا مزگەوت و کەنیسە و پەرستگاکانی کوردستانیان کاولکردووە و تەقاندوویانەتەوە، لەشەڕی دژی داعشیشدا هێزی پێشمەرگە وەك سوپای بەرگریگاری کوردستان تەواوی پێکهاتە و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی لەخۆی گرتووەو هەموو پێکەوە لەیەك سەنگەردا شەڕیان لەدژی داعش کردووە، ئەم هاوخەباتی و پێکەوەژیانە، هاوچارەنووسیی بۆ هەموو لایەك دروستکردووە، بۆیە هەمووش پێکەوە لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بەدەنگی بەڵێ بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان دەدەن.

ئەوەی بۆ گەلی کوردستان جێگەی شانازییە ئەوەیە کە مەرجەعییەتی هەموو ئایینەکان لە فاتیکانەوە تادەگاتە ئەزهەر، لەمەزاری شەبەك و کاکەییەوە تادەگاتە لالشی ئێزیدییەکان، هەر هەموویان پێکەوە پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەن و شەرعییەتی ئایینی پێدەبەخشن، ئەمەش حاڵەتێکی نموونەییە لە دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم شێوازەی دەوڵەت لە ٤٠٠ پێش ئێستاوە.

لەبەرامبەردا ئەگەر ئەو ژینگە لەبارەی ئێستا لە کوردستاندا بوونی هەیە، هەمان ژینگە بۆ هەر یەکێك لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی فەراهەم بکرێت و خەڵکەکەی ئازاد بکرێت کە ئارەزوومەندانە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئەوا هەر یەك لەو لاتانە دەبێتە چەندین پارچە و هیچ پێکهاتەیەك ئامادە نابێت کە بڕیاری پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوە، یان ئایینە جیاوازەکەی بدات، هەر بۆ نموونە تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق کە هەر چواریان دراوسێی کوردستانن، لە هەر کام لەو دەوڵەتانە ریفراندۆم بکرێت، دەبینین نەتەوەی سەردەست کە خۆی بەناسنامەی دەوڵەتەکە دەزانێت، دەبێتە کەمینەیەك لە دەوڵەتێکی بچووکدا، نەك زۆرینە لە هەریەك لەو دەوڵەتانەدا، لەمەش زیاتر ئەگەر سبەی لەبەشە عەرەبییەکەی عێراقیشدا بوار بدرێت، عەرەبی سوننە ریفراندۆم بکات، ئەوا عەرەبی سوننە ئامادەیە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بژی، بەڵام ئامادە نابێت لە دەوڵەتێکدا بژی کە شیعەگەرایی باڵادەستی بەسەر حوکمڕانیدا گرتبێت.

ئەو راستییانەی کە ئێستا لەکوردستاندا بوونی هەیە، لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بوونەتە ئەو هەقیقەتەی کە سەریان لێی سوڕ دەمێنێت و بە تەنیا کلیلی کۆتاییهێنان و بردنەوەی شەڕی دژی داعشی دەزانن، لەبەر ئەوەی شەڕی دژی داعش تەنیا رووخاندنی خەلافەتی داعش نییە، بەڵکو لە ریشەهەڵکێشانی ئەو فیکرە توندڕەو و رادیکاڵەیە کە دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی تیرۆر و رێکخراوی تیرۆریستی و دڕندەی هاوشێوەی داعش.

لەم کۆی ئەم هاوکێشەیەدا بەشێوەیەکی گشتی و بۆ ئەوەی لە قۆناخی دوای داعش، شەڕی دژی داعش نەگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە، ئەوا دەوڵەتی کوردستان پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك بۆ راگرتنی باڵانس لەنێوان هەردوولادا، هەروەها بۆ ئەوەی شەڕی دژی داعش بەسەرکەوتنی هاوپەیمانان و جیهانی ئازاد کۆتایی بێت، ئەوا دەوڵەتی کوردستان پێویستە ببێتە هاوپەیمانێکی گرنگی بەرەی دژە تیرۆر لە جیهاندا.

**لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ و دەرکردنی کۆمەڵێک بڕیاری جێبەجێکاری لەلایەن ترەمپەوە، ئەوە دەستنیشانکرا کە ئەو مەدی شیعەگەراییەی ئێران سەرپەرشتی دەکات، جۆرێکە لە هەناردەکردنی تیرۆر و ئێرانیشی وەک سپۆنسەری چەند رێکخراوێکی تیرۆریستی شیعەگەرا پێناسەکردو هەروەها سزای ئابووریشی لەسەر چەندین کەسایەتی و دامودەزگا سەپاند کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لینکیان لەگەڵ ئەو رێکخراوانەدا هەیە**

**ئیدارەی ترەمپ تەنیا ئامانجی خۆی لە رووخانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش چڕناکاتەوە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لە ریشەهەڵکێشانی فیکری توندڕۆیی رایدیکالیزمی ئیسلامییە کە دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ تیرۆریزم**

**شەڕی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە رێککەوتنێکی هاوشێوەی رێککەوتنی ویستفالیای ١٦٤٨ی ئەوروپا هەیە کە تیایدا بە داڕشتنەوەی نەخشەی ئەوروپا و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ کۆتایی بەشەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەوروپا هات**

# سەروەختی سەربەخۆیی کورد؟

## ئایا لە کۆتاییدا کاتی سەربەخۆیی کورد هاتووە؟

هیچ نەتەوەیەکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (جگە لە ئیسرائیل) پێوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ ئەمەریکادا نییە، هێندی کوردی عێراق، کە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینیوە لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا.

لە کاتێکدا کە جیهادییەکان تەشەنەیان کردووە، کوردی عێراق باوەڕی وایە کە هەل و مەرجەکە لەبارە بۆ ئەوەی هەرێمە نیمچەسەربەخۆکەیان بگۆڕن بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ. سەرکردەکانیان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیان داوە، کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕان دەکرێت ئەنجام بدرێت، تاوەکو رای کوردی عێراق وەربگیرێت لەبارەی پشتیوانییان بۆ سەربەخۆیی.

سەرۆك وەزیرانی حکومەتە کوردییەکە، نێچیرڤان بارزانی لە نووسینگە رازاوەکەیدا لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، پێی وتم: «بەڵێ، گومانی تێدا نییە، کە ئەمساڵ ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت، بەڵام دەرئەنجامەکەشی بە مانای ئەوە نایەت کە راستەوخۆ دەستبدەینە پرۆسەی سەربەخۆیی، بەڵکو پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدەین کە خەڵکی ئێمە خوازیاری چین.»

لەگەڵ ئەوەشدا، کورد ناتوانێت بە بێ پشتیوانی ئەمەریکا سەرکەوتوو بێت، واشنتۆنیش هێشتا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت عێراق وەك وڵاتێکی یەکپارچە بمێنێتەوە. کە پێویستە پێداچوونەوە بەم هەڵوێستەدا بکرێتەوە.

کاتی ئەوە هاتووە تەرکیز لەسەر ئایندەی کوردی عێراق بکرێتەوە.

بۆ نزیکەی سەدەیەك دەبێت کورد خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینێت، واتە دوای ئەوەی کە هێزە مەزنەکان پاشگەزبوونەوە لە دروستکردنی دەوڵەتێك بۆ کورد لە پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. لەبری ئەوەی نیشتمانێك بە ئەم گروپە ئیتنیە ناعەرەبییە ببەخشن، ئەوا هاوپەیمانەکانی جەنگی دووەمی جیهانی خاکە جوان و شاخاوییەکەی کوردییان بەسەر تورکیا، سووریا، عێراق و ئێراندا دابەش کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە کوردی عێراق ئاستێکی زیاتری ئۆتۆنۆمییان بەدەستهێناوە، واتە دوای ئەوەی ئەمەریکا ناوچەی دژەفڕینی بەسەر هەرێمەکەدا سەپاند بۆ پاراستنیان لە هێرشەکانی سەدام حوسێن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بتوانن حکومەتێکی ئەمری واقیع دابمەزرێنن، کە چەند رواڵەتێکی دەوڵەتی لە خۆ گرت دوای ئەوەی واشنتۆن لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەسەڵاتی سەدام حوسێنی رووخاند.


لەئەمڕۆدا کوردستان سەقامگیرترین و لێبووردەترین بەشی عێراقە و بۆتە پەناگەیەك بۆ مەسیحییەکان و کەمینەکانی دیکە کە لە دەستی داعش هەڵاتوون. لەوەش زیاتر، هەرێمی کوردستان گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا. کورد مەیلیان بۆ ئەمەریکا هەیە و دوژمنایەتییان لە ئاست ئیسرائیلدا نییە. ئاژانسە مرۆییەکانی ئەمەریکا دەتوانن بە ئاسانی لە کوردستاندا کار بکەن. هەروەها لە دوای دەستپێکردنی شەڕی داعشەوە، هەرێمی کوردستان بۆتە بنکەیەك بۆ هێزەکانی ئەمەریکا. لە هەمان کاتدا، لە میانەی تێکشکاندنی داعشدا، هێزە کوردییەکان بەشێکی بەرفراوانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی عێراقیان بەدەستهێناوەتەوە کە بە خاکی خۆیانی دەزانن، لە نێویاندا شاری کەرکووك.

لە ئێستادا کورد دەیەوێت دەستکەوتەکانی بچەسپێنێت. بارزانی دەڵێت: «ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ رۆژگاری کۆن، عێراقی دوای شەڕی موسڵ هەمان عێراقی پێش موسڵ نابێت.»

هەروەها، کورد ئەو راستییە دەزانێت کە پێویستی بە جیابوونەوەیەکی ئاشتییانە هەیە لە عێراق بۆ چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەکان کە پێوەندیدارن بە سنوور، نەوت، بوڕی و داراییەوە. بارزانی دەڵێت: «هەڵوێستی ئێمە بریتییە لە ئەنجامدانی دیالۆگێکی جددی لەگەڵ بەغدا و گەیشتن بە چارەسەرێکی دۆستانە.» هەروەها دەڵێت: «هیچ بەرەوپێشچوونێك بەدی نەهاتووە لە کۆبوونەوەکانی نێوان بەرپرسە باڵاکانی کورد و عێراقدا.»

هاتنەئارای هاوکارییەکی نزیکی سەربازی (چاوەڕواننەکراو) لە نێوان هێزە سەربازییە عێراقی و

**کوردستان سەقامگیرترین و لێبووردەترین بەشی عێراقە و بۆتە پەناگەیەک بۆ مەسیحییەکان و کەمینەکانی دیکە کە لە دەستی داعش هەڵاتوون**



ترودی روبین

ئەم بابەتە لە سایتی the inquirer daily news بڵاوکراوەتەوە:

http://www.philly.com/philly/columnists/trudy_rubin/20170323_Worldview__Rubin__Time_for_Kurdish_independence_.html

کوردییەکاندا، نەگۆڕا بۆ دەستکەوتی سیاسی. بۆ نموونە، لە کاتێکدا بەغدا مووچەی میلیشیا شیعەکان دەدات، ئەوا هیچ مووچەیەکی بۆ هێزە کوردییەکان خەرج نەکردووە، کە قوربانییەکی زۆریان داوە. واشنتۆن مووچەی پێشمەرگەی دابین کردووە. تەنانەت بەغدا پێداویستی پزیشکیشی لە هەولێر گرتۆتەوە، هەرچەندە، کورد چارەسەری سەرباز و ئاوارە بریندارەکانیانی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا باسکردنی سەربەخۆیی هەر تەنیا هەڕەشە و گۆڕەشەیە؟

کورد رووبەڕووی بەرهەڵستیی توندی وڵاتە دراوسێکانی بۆتەوە. ئێران زۆر پێداگیرە لەسەر دژایەتیکردنی ئەم بیرۆکەیە و فشار لەسەر حکومەتی عێراقیش دروست دەکات، بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی توند بگرێتەبەر لەم رووەوە.

لە کاتی سەردانیکردنیدا بۆ واشنتۆن، سەرۆك وەزیرانی عێراق، حەیدەر ئەلعەبادی لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی هەڵوێستیان لە بارەی سەربەخۆبوونی کوردەوە، وتی: «ئێمە گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین»، رەنگە ئەمەش بەرەوپێشچوونێك بێت، لەبەر ئەوەی نەیوت: هەرگیز، یان بە هیچ شێوەیەك.

هەروەها تورکیاش لەم هاوکێشەیەدا هەیە، کە رەزامەندی ئەویش زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی کوردستان سنوورێکی داخراوی هەیە، ئەوا بۆڕییە نەوتەکانی بەو وڵاتەدا تێدەپەڕن. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، تورکیا پێوەندییەکی باشی سیاسی و ئابووری لەگەڵ هەولێردا هەیە. بارزانی دەڵێت: «بە شێوەیەکی رەسمی، ئێمە ئەم باسەمان لەگەڵ تورکیادا نەکردۆتەوە، بەڵام پێموایە ئەوان ئامادەن بۆ ئەوەی گوێ بگرن.»

وا دەردەکەوێت کە ئەنقەرە کوردی عێراق وەك هاوپەیمانێك لە دژی یاخیبوانی پەکەکە و کوردە گرێدراوەکانی پەکەکە لە باکووری سووریادا ببینێت. لەوەش زیاتر، کوردی عێراق ئەوەی بە روونی خستۆتەڕوو کە ئەوا بەلایانەوە گرنگ نییە خۆیان بە بزووتنەوە جوداخوازەکانی کوردەوە لە وڵاتانی دراوسێدا گرێبدەنەوە. بەڵام وێناکردنی ئەوەی تورکیا بەمە رازی بێت، تموحێکی بەرزەفڕانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا گرنگە کە واشنتۆن پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەبەرچاو بگرێت.

هەرکاتێك خەلافەتەکەی داعش تێکشکا، ئەوا ئایندەی دەوڵەتی لێتکرازاوی عێراق بە نادیاری دەمێنێتەوە. تاکە رێگای بەردەم سەرکردەکانی عێراق بۆ ئەوەی وڵاتەکە بە یەکپارچەیی بهێڵنەوە، بریتییە لە گرتنەبەری رێگاچارەی بە نامەرکەزیکردن و رێگەدان بە سوننە ناڕازییەکانی موسڵ و شوێنەکانی دیکە بۆ ئەوەی ببنە هەرێمی فیدراڵی و، گفتوگۆکردن لەبارەی رێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ کورددا.

ئەگەر بەغدا ئەم ئاڕاستەیە بگرێتەبەر، ئەوا رەنگە بتوانێت کورد بەلای خۆیدا کێش بکات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی کۆنفیدراڵیدا (پێوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆ) لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەرئەنجامێکی لەم شێوەیە پێویستی بە ناوبژیوانییەکی چڕ و پڕ هەیە لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و بۆ بەرپەرچدانەوەی فشارەکانی ئێران.

ئایا ئیدارەی ترەمپ دەتوانێت، یان دەیەوێت هاوکاری کورد بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان؟ روون نییە. رەنگە کۆشکی سپی ئەو راستییە سەرنجی راکێشێت کە کوردستان دەبێتە پێگەیەکی سەقامگیر بۆ جێگیرکردنی سەربازانی ئەمەریکا بە بەردەوامی. بارزانی دەڵێت: «ئەگەر ئەمەریکا پێویستی بە بنکەیەك هەبێت لە کوردستاندا، ئەوا سەرکردایەتی ئێمە پێشوازی لێدەکات.»

پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە: ئەگەر واشنتۆن خوازیاری راگرتنی باڵانسە لەگەڵ ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەر خوازیاری سەقامگیرکردنی عێراقە، ئەوا دەبێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا بکات. بارزانی دەڵێت: «ئەگەر ئەمەریکا عێراقێکی یەکگرتووی دەوێت، ئەوا چیتر لە رووی واقیعییەوە لەئارادا نەماوە، ئەگەر سەقامگیرییان دەوێت، ئەوا دەبێت مامەڵە لەگەڵ پرسی بنەڕەتی کوردستاندا بکەن.»

**ئەگەر واشنتۆن خوازیاری راگرتنی باڵانسە لەگەڵ ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەر خوازیاری سەقامگیرکردنی عێراقە، ئەوا دەبێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی کورددا بکات**

# با هەموومان پێكەوە ریفراندۆمی كوردستان بكەینە كەرنەڤاڵێكی نیشتمانی



محەمەد بازیانی*

بۆ گوڵان نوسیویەتی

«ئێمە ئەگەر بمانەوێت كوردستان سەربەخۆ بێت، دەبێت بزانین سەربەخۆیی باجدانی دەوێت. بیرمەندی گەورەی ئیسلامی محەمەد غەزالی دەڵێت: ئەگەر ئێمەش وەك ئەو جووە ملیۆنێرە نەكەین كە گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل، هیچ بە هیچ ناكەین، ئەو جووە لەیەكێك لە دەوڵەتە عەرەبییەكاندا دەژیا و خاوەنی سەروەت و سامانێكی زۆر گەورە بوو، بەڵام كاتێك دەریانكرد، دەستیان بەسەر هەموو سامانەكەیدا گرت و پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل لە ئۆردوگایەكی پەناهەندەكاندا بووە پاسەوانی یەكێك لەو ئۆردوگایانە، دوای ماوەیەك كە دەوڵەتی ئیسرائیل خۆی گرت و گەشەی كرد، بەرپرسانی ئیسرائیلی هاتنە لای ئەم كەسە و پێیان گوت: ئێمە دەزانین تۆ چەند دەوڵەمەند بوویت و لەپێناوی گەڕانەوەت بۆ ئیسرائیل هەموو سەروەت و سامانی خۆت لەدەستداوە، بۆیە وەك دەوڵەت بڕیارمان داوە قەرەبووت بكەینەوە، لەوەڵامدا ئەو جووە بە كاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیلی گوتبوو: من سوپاستان دەكەم كە ئێوە منتان لەبیرە، بەڵام من جارێكی دیكە ئەو قەرەبووەی ئێوە دەكەمەوە بەدیاری بۆ ئەوەی لەو ئۆردوگایانە خەرجی بكەن كە خەڵكی دیكە لە وڵاتانەوە دێن و تێیدا نیشتەجێ دەبن، ئێستا لەبەر ئەوەی بوومە خاوەن دەوڵەت، خۆم بە ملیۆنێری راستەقینە دەزانم، بۆیە پاسەوانی ئۆردگاكانم زۆر لە ملیۆنێری پێ باشترە لەوەی كە لە وڵاتێكدا بژیم و ژێردەستە بم.»

ئەم پەندە بۆ خەڵك و دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە زۆر گرنگە و ئەركی سەرشانمانە قوربانی بە هەموو شتێك بدەین بۆ ئەوەی دەوڵەتی كوردستان بە سەربەخۆیی ببینین.



**بەفەرمی هەڵکردنی ئاڵا لە کەرکووک بڕیارێکی دروست، بەڵام درەنگ وەخت**

پەسەندکردنی بڕیاری بەفەرمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر تەواوی دامودەزگاکانی ئەو شارە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکەوە بڕیارێکی گرنگ و مێژووییە و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش بڕیاریان داوە ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژێکی مێژوویی یادی بکرێتەوە.

ئەم بڕیارە دەبوو زۆر پێشتر بدرایە، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك خۆیان داوایان کردووە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو لە هەمانکاتدا لە چوارچێوەی دەستووری عێراقیشدا بووەو هەر پارێزگایەك مافی خۆیەتی داوا بکات لەگەڵ هەرێمێکی دیکە یەکبگرێت، بۆیە بە بۆچوونی من دەبوو هەر لەو کاتەوە ئەو بڕیارە بدرایە کە ئاڵای کوردستانیش هاوشانی ئاڵای عێراق لەسەرجەم دامودەزگاکاندا هەڵبکرایە.

دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باکگراوەندی مێژوو و جوگرافیای ئەم شارە، هەموو بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەرکووك شارێکی کوردستانییە و ئاڵای کوردستانیش سیمبول و هێمایە نەك تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ تەواوی ئەو نەتەوەو پێکهاتە جیاوازانەش کە لە کوردستاندا دەژین و دەبێت هەڵکردنی ئاڵا ببێتە هۆکاری پتەوکردنی پێکەوەژیان و برایەتی و لێبووردەیی نێوان تەواوی ئەو پێکهاتانە، وەك بەڕێز پارێزگاری کەرکووکیش دوای بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا ئاماژەی پێکرد، بەتەنیا کورد دەنگی بۆ بڕیاری بەفەرمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان نەداوە، بەڵکو تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشووریش دەنگیان بەو بڕیارە داوە، بەڵام ئەو لایەنە سیاسییانەی تورکمان و عەرەب کە دژی ئەو بڕیارە راوەستاونەتەوە، هێندەی لە ژێر کاریگەریی هێزێکی دەرەکیدا ئاراستە دەکرێن، هێندە بۆ بەرژەوەندی پێکهاتەکانی خۆیان هەنگاو هەڵناگرن، بۆیە دژایەتیکردنی ئەم بڕیارە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت و بڕیارەکە دەبێتە ئەمری واقیع، هەروەك چۆن لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کاتێك بەڕێز کاك مسعود بارزانی ئاڵای کوردستانی هەڵکرد، خەڵکانێکی زۆر دژایەتی خۆیان بۆ

**هەر کەس و لایەنێک کێشە بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات، خۆی دەکاتە پەندی زەمانە، نەوەکانی ئێستاو داهاتوو ناوی لە لاپەڕە رەشەکانی مێژوودا تۆمار دەکەن**

**لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کاتێک بەڕێز کاک مسعود بارزانی ئاڵای کوردستانی هەڵکرد، خەڵکانێکی زۆر دژایەتی خۆیان بۆ ئەم بڕیارە دەربڕی کە لەناویاندا حزبی سیاسیی گەورەش هەبوون، بەڵام وەک بینیمان بڕیارەکە بووە ئەمری واقیع و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەهەموو لایەکەوە بە ئاسایی وەرگیرا**

**دەبوو دەمیرتاش دوای ئەوەی هەدەپە ٨٠ کورسی بەدەستهێنا، لەبری ئەوەی لەژێر کاریگەری پەکەکە لە بەشداریکردن لە حکومەت دووربکەوێتەوە، دەبوو بەشداری حکومەتی بکردایە، بەمەش دۆزی کورد دەچووە پێشەوە و دەرگای چارەسەری سیاسیش دانەدەخرا**

ئەم بڕیارە دەربڕی کە لەناویاندا حزبی سیاسیی گەورەش هەبوون، بەڵام وەك بینیمان بڕیارەکە بووە ئەمری واقیع هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەهەموو لایەکەوە بە ئاسایی وەرگیرا، بۆیە ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش دەبێتە ئەمری واقیع و هەروەها گەڕانەوەی کەرکووکیش دەبێتە ئەمری واقیع لەبەر ئەوەی کەرکووك خۆی بەشێکە لە کوردستان و هەرگیز لێی جیانابێتەوە.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك پشتگیری ئەم هەنگاوەیان کردووە، هەر بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی کە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای لایە و پارتی دیموکراتی کوردستان کە قورساییەکی گەورەی هەیە زۆر بە توندی پشتگیری ئەم بڕیارەیان کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەسەر ئەم پرسە گرنگە یەکریزی و یەکهەڵوێستییەکی گەورە هەبووە. پاشانیش هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە پەیام و بەیاننامەی رەسمی پیرۆزباییان لە تەواوی خەڵکی کەرکووك کردووەو پشتگیری خۆیان بۆ بەفەرمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەربڕیوە.

ئێمە وەك بزاڤی چاکسازی و گەشە و لایەنێکی کوردستانی یەکەمین لایەن بووین کە بەیاننامەمان لەسەر ئەم بڕیارە دەرکردووەو پشتگیریمان کردووە، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە ئێمە هەر لەساڵی ١٩٩٩ پرۆژەمان هەبووە بۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە لەم بەیاننامەیەی خۆماندا جەختمان لەسەر دوو خاڵ کردۆتەوە کە بریتین لە:

١. زۆر گرنگە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا لە کەرکووکیش وەك هەر پارێزگایەکی دیکەی کوردستان هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت.

٢. ئەو ریفراندۆمەی کە بڕیارە ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، گرنگە پارێزگای کەرکووکیش وەك هەر پارێزگایەکی دیکەی کوردستان بگرێتەوە.

ئەمەش لەو روانگەیەوە کە گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان وەك ئەمری واقیعی لێهاتووە و تەنانەت د.حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش لە دیداری زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی خۆی راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد کە ناوچەی جێ ناکۆك نەماوە و دەبێت لەسەر ئەو ناوچانە رێکبکەوین، لەمەش زیاتر ئێستا بەکردەیی پێشمەرگە پارێزگای لەو شارە دەکات و پۆلیس و ئاسایش سەقامگیری ئەو شارەیان دابین کردووە.

**● دەنگۆی بودجەبڕین و گوشار دروستکردن دژی ئاڵای کوردستان**

لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا حکومەتی عێراق بە فەرمی هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر بە بڕیاری بەفەرمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی لەسەر دامودەزگاکانی کەرکووك دەرنەکردووە، بەڵام لەلایەن هەندێك کەسەوە باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی عێراق وەك کاردانەوە بودجە و مووچەی کەرکووکیش وەك پارێزگاکانی دیکەی کوردستان دەبڕێت، ئەگەرچی مەزندە ناکرێت حکومەتی عێراق لەم کاتەدا پەنا بۆ ئەم کارتە لە دژی کەرکووك ببات، بەڵام ئەگەر وەك گریمانەیەکی وا دابنێین، حکومەتی عێراق ئەم بڕیارە بدات، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کەرکووك دەتوانێت بەرامبەر ئەم بڕیارە راوەستێت، یاخود کارتی دیکەی بەدەستەوەیە کە ئەویش بەرامبەر ئەو بڕیارە بەکاری بهێنێت؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە ئێستادا بەشی زۆری هەموو مووچەخۆرانی کەرکووك لە هەرێمەوە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت و ئەوەی کە حکومەتی عێراق مووچەی بۆ دابین دەکات، تەنیا رێژەی ١٠٪ی مووچەخۆرانی کەرکووك پێکدەهێنێت، پاشانیش ئەو نەوتەی لەکەرکووك دەفرۆشرێت و پارەکەی دەدرێتە حکومەتی بەغدا مانگانە دەگاتە بڕی ١٩٢ ملیۆن دۆلار و حکومەتی عێراق تەنیا بڕی ٣٢ ملیۆن دۆلار مووچە رەوانەی کەرکووك دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا کەرکووك نەك هەر زەرەر ناکات، بەڵکو بڕێکی زۆر پارەی دیکەشی بۆ دەمێنێتەوە.

لێرەوە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باسێك لە قەیرانی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستانیش بکەین، بێگومان ئێمە وەك سەنتەری هودا کە سەر بە بزاڤی چاکسازی و گەشەیە، توێژینەوەی زۆرمان لەسەر ئەم پرسە کردووەو گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم قەیرانە کاتییە و ماوەیەکە و تێدەپەڕێت، لەبەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندەو خێرو بێرێکی زۆری هەیە، هەروەها خاوەنی نەوت و کانزایەکی زۆرە، بۆیە هەتا ئەگەر کەرکووکیش بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان

هێز و تینی زیاتر دەدات بە کوردستان و دەتوانێت تەنگژە ئابوورییەکانی چارەسەر بکات، بەڵام هەموو ئەمانە پەیوەستن بە مەرجێکی سەرەکییەوە کە ئەویش ئەوەیە پێویستە کوردستان لەناو خۆیدا یەکدەنگ و یەکریز و یەکهەڵوێست بێت. ئەگەر ئەم یەکهەڵوێستی و یەکدەنگییە بوونی هەبێت، ئەوا من پێموایە بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە زۆر پێیان خۆش دەبێت کە بەشێك بن، یان فیدراڵییەتێك بن لەناو دەوڵەتی کوردستاندا، نەك لە دەوڵەتێکدا بمێننەوە کە حوکمڕانییەکەی لەلایەن گروپێکی شیعەوە کۆنترۆڵ کرابێت. ئەم پرسە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کە هەردوو هێزەکە لەسەر هەموو ئاستەکان قورسایی خۆیان هەیە و هەردوولاشیان کەرکووك بە دڵ و قودسی کوردستان ناودەبەن، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ستراتیژیەتی هەردوو حزبەکەدا پێویستە کەرکووك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەمەش زیاتر ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات، بۆیە ئەمەش ئەرکێکی دیکە دەخاتە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت و زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆ نەرمی بنوێنێت بۆ ئەوەی ئەو یەکریزی و یەکدەنگییە وەك پێویست دروست بێت کە هەم گەڕانەوەی کەرکووك و هەمیش سەربەخۆیی کوردستان پێویستی پێیەتی.

### ● کاردانەوەی دەرو دراوسێ بەرامبەر هەڵکردنی ئاڵا و سەربەخۆیی

پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، مەسەلەی گۆڕینی جوگرافیا، یاخود دابڕان و دوورکەوتنەوە نییە لەو وڵاتانەی کە دەبنە دراوسێی کوردستان، ئەمەش واتە دروستبوون، یان دامەزراندنی میکانیزمێکی نوێیە لە پێوەندیی نێوان ئەو وڵاتانە و دەوڵەتی کوردستان. من خۆم چەند ساڵێك پێش ئێستا پرسی دەوڵەتی سەربەخۆم لەگەڵ یەکێك لە ڕاوێژکارە نزیکەکانی ڕەجەب تەیب ئەرۆدگانی سەرۆك کۆماری تورکیا باسکرد کە ئەو کات ئەردۆگان سەرۆك وەزیران بوو، لەمبارەوە لێم پرسی: ئەگەر کوردستان بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئێوە وەك حکومەتی تورکیا هەڵوێستان چۆن دەبێت بەرامبەری؟ لەوەڵامدا پێی گوتم: ئێمە دراوسێی یەکتری دەبین و کە ئەو ئەمری واقیعە دروست بوو، بێگومان مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان ستراتیژی قووڵمان دەبێت، پێوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریمان دەبێت، بۆیە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

سەبارەت بە ئێرانیش، بێگومان قسەی پێش دروستبوونی دەوڵەت و دوای دروستبوونی دەوڵەت وەك یەك نییە، ئێرانیش دەوڵەتێکە خاوەنی شارستانیەتە و ئەزموونێکی گەورەی حوکمڕانیی هەیە، بۆیە چۆن ئێران یەکەم دەوڵەت بوو کە کونسوڵخانەی خۆی لە هەرێمی کوردستان کردەوە و مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش کرد، بەهەمان شێوە ئەگەر دەوڵەتی کوردستانیش دابمەزرێت، ئێرانیش لەگەڵ ئەمری واقیع مامەڵە دەکات، عێراقیش کە ئێستا هەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کوردستان بەشێك بێت لە عێراق، ئەویش لە ئێستادا کە ئامادەیە گوێ بۆ ئەوە بگرێت کە لە دانوستاندنەکاندا باسی دەوڵەتی کوردستان بکرێت، ئەوا بۆ ئەویش باشترە کە کوردستان سەربەخۆ بێت، بەتایبەتی کە ئێستا حوکمڕانیی عێراق بەرەو حوکمڕانییەکی شیعەگەرایی و تەواوکاری هیلالی شیعی ئێران دەزانێت، ئەوا لەبەر ئەوەی تا رادەیەکی زۆر عەرەبی سوننەی کۆنترۆڵ کردووە، بۆیە ئەگەر کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە، ئەوا جادەکە بۆ بەغدا تەخت دەبێت بۆ ئەوەی هیلالی شیعی لەگەڵ ئێران تەواو بکات و ئێرانیش لەناو عێراقدا نفوزێکی هێجگار گەورەی هەیە و دەتوانێت تەحەکوم بە سیاسەتی شیعەی عێراقەوە بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەوڵەتی کوردستان لەبەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێشدا دەبێت.

ئەگەر لەسەر ئەم باکگراوندە سەیری هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە بکەین بەرامبەر بە بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی شاری کەرکووك، ئەوەی تێبینی کراوە کە هەتا ئێستا ئێران بەفەرمی هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، ڕاستە لەوانەیە خەڵکانێك قسەیان کردبێت، یان وتارێکیان بڵاوکردبێتەوە بەڵام هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی ئێران بێدەنگی بووە، بەهەمان شێوە تورکیاش هەتا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی دژی نەبووە و بە هەمان شێوە حکومەتی عێراقیش، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەکرێت بڵێین کە هەموو لایەك خەریکە تەفەهومی ئەو واقیعە دەکەن و کە پرسەکەش بووە ئەمری واقیع، ئەوا ناچار دەبن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

**پێشتر پەکەکە داوای کوردستانێکی گەورەی دەکرد، بەڵام وەک ئێستا دەبینین لە سووریا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە هەرێمی باکووری سووریا دابمەزرێت کە هیچ ناوێکی کوردو کوردستانی پێوە نییە**

**لە ئێستادا بەشی زۆری هەموو مووچەخۆرانی کەرکووک لە هەرێمەوە مووچەیان بۆ دابین دەکرێت و ئەوەی کە حکومەتی عێراق مووچەی بۆ دابین دەکات، تەنیا ڕێژەی ١٠٪ی مووچەخۆرانی کەرکووک پێکدەهێنێت**

**ئەو ریفراندۆمەی کە بڕیارە ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، گرنگە پارێزگای کەرکووکیش وەک هەر پارێزگایەکی دیکەی کوردستان بگرێتەوە**

**بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە زۆر پێیان خۆش دەبێت کە بەشێک بن، یان فیدراڵییەتێک بن لەناو دەوڵەتی کوردستاندا، نەک لە دەوڵەتێکدا بمێننەوە کە حوکمڕانییەکەی لەلایەن گرووپێکی شیعەوە کۆنترۆڵ کرابێت**

**پەسەندکردنی بڕیاری بەفەرمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر تەواوی دامودەزگاکانی ئەو شارە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکەوە بڕیارێکی گرنگ و مێژووییە و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیش بڕیارەیان داوە ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژێکی مێژوویی یادی بکرێتەوە**

**چۆن کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ بووە کەرناڤاڵێک و هەموو دنیای هەژاند، بەهەمان شێوە ریفراندۆمیش دەبێتە هەمان کەرنەڤاڵ و هەموو دنیا دەهەژێنێت**

### ● پاراستنی سنوورەکان و بوونی پەکەکە لە کوردستاندا

ئێمە ئەگەر بمانەوێت دەوڵەت بین، دەبێت توانای ئەوەشمان هەبێت کە سنوورەکانی خۆمان بپارێزین، هەروەها هیز و لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان ئەگەر لە کوردستاندا بوونیان هەبێت، دەبێت ڕێز لەسەرەوەریی دەوڵەتی کوردستان بگرن و بەهەموو شێوەیەك پشتگیری ئەو دەوڵەتە بکەن، نەك گێچەڵی بۆ دروست بکەن و هەوڵبدەن لەگەڵ هاوسێکانی شەڕ و ئاژاوەی بۆ دروست بکەن، لەم چوارچێوەیەدا کە ئێستا پەکەکە لە باشووری کوردستان بوونی هەیە و ئێستا لە شنگالیش بوونی هەیە، هەقە پەکەکە هەمان ڕەفتاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کۆبانێ دووبارە بکاتەوە. واتە هێزی پێشمەرگە چۆن چووە کۆبانێ و یارمەتی براکانی دا بۆ ئەوەی کۆبانێ ڕزگار بکرێت و پاشان کشایەوە، ئێستا هەقە پەکەکەش بەهەمان شێوە بکشێتەوە و شنگال تەسلیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بۆیە ناکرێت هیچ لایەنێکی سیاسی هەوڵی ئەوە بدات ستراتیژیەتی نەتەوەیی تێکبدات و لەم پرسەشدا ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێویستە کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی دیکە ستراتیژیەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت، چۆن ئەمریکا ستراتیژیەتی خۆی هەیە و بە هەزاران کیلۆمەتر دەبڕێت و دێت لە کوردستان شەڕی تیرۆر دەکات، یان ئەڵمانیاو فەرەنسا و بەریتانیاو وڵاتانی دیکەش، ئەگەر ئەم ستراتیژە نەتەوەییەمان هەبێت، ئەوا ئەم ستراتیژە ڕێگە بە پەپەکە نادات کە هەوڵبدات بارودۆخی باشووری کوردستان تێکبدات، بەڵکو دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی ئارامیی کوردستان بپارێزێت. ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێمە ستراتیژیەتێکی نەتەوەییمان نییە، دەبینین پێشتر پەکەکە داوای کوردستانێکی گەورەی دەکرد، بەڵام وەك ئێستا دەبینین لە سووریا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە هەرێمی باکووری سووریا دابمەزرێت کە هیچ ناوێکی کوردو کوردستانی پێوە نییە، یان هەوڵدەدا کانتۆن دروست بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە پەکەکە لەدامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی کوردستانەوە هاتۆتە سەر ئەوەی داوای کانتۆن، یان هەرێمی باکووری سووریا دەکات، لە باکووری کوردستانیش وەك دەبینین، هەدەپە توانی ٨٠ کورسیی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، بەڵام پەکەکە وایکرد کە هەدەپە بەشداری حکومەت نەکات و شەڕی بردە ناو شارەکانی باکوور، ئەمەش وایکرد کاتێك پاش دوومانگ هەڵبژاردن لە تورکیا ئەنجام درایەوە هاتە سەر ٥٩ کورسی، بەڵام دیسان دوای ئەوەش هەر ڕێگەی نەدا کە هەدەپە ڕۆڵی خۆی لەسەر ئاستی سیاسی جێبەجێ بکات، دیارە سەرکردایەتی هەدەپە بەتایبەتی سەلاحەدین دەمیرتاش قەناعەتی تەواوی بەوە هەبووە کە کێشەی کورد لە تورکیا بە ڕێگەی عەسکەرتاری چارەسەر ناکرێت، بۆیە دەبوو دەمیرتاش-یش دوای ئەوەی هەدەپە ٨٠ کورسی بەدەستهێنا، لەبری ئەوەی لەژێر کاریگەری پەکەکە لە بەشداریکردن لە حکومەت دووربکەوێتەوە، دەبوو بەشداری حکومەتی بکردایە، بەمەش دۆزی کورد دەچووە پێشەوە و دەرگای چارەسەری سیاسیش دانەدەخرا، دیارە لەبەرامبەردا حکومەتی ئەردۆگانیش بەشێك لە بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرشان و کەموکورتی هەبووە و لەمەشدا ئێمە ڕاشکاوانە کە بینیومانن پێمان ڕاگەیاندوون، هەروەها پەکەکەش نەیتوانی وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکات، فشاری خستە سەر هەدەپە بەشداری پرۆسەی سیاسی لە تورکیا نەکات.

### ● ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەبێتە کەرنەڤاڵێکی نیشتمانی

کاتێك باسی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، ئاماژەش بەوە دەکرێت لەوانەیە خەڵکانێك، یان لایەنێکی سیاسی دەنگ بە بەڵێ نەدەن، یان بەشداری ئەو پرۆسەیە نەکەن، لەبەرامبەر ئەم پرسەدا بۆچوونی ئێمە بەشێوەیەکی دیکەیەو پێمانوایە هەر کەس و لایەنێك کێشە بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات، خۆی دەکاتە پەندی زەمانە، نەوەکانی ئێستاو داهاتوو ناوی لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا تۆمار دەکەن، بۆیە گرنگە پرسی ریفراندۆم کێشە لاوەکییەکان بخاتە لاوەو هەموولایەك لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی یەك بگرن.

ریفراندۆم لە بنەڕەتدا دەربڕی دیدوبۆچوونی خەڵکی کوردستانە دەربارەی چارەنووسی خۆیان، بۆیە قەناعەتمان بەو جۆرەیە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە کەرنەڤاڵێك هەموو تاکێکی کوردستان بە خۆشحاڵییەوە بەشداری تێدا دەکات و چۆن کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ بووە



کەرناڤاڵێك و هەموو دنیای هەژاند، بەهەمان شێوە ریفراندۆمیش دەبێتە هەمان کەرنەڤاڵ و هەموو دنیا دەهەژێنێت، بۆیە من لە ئێستاوە دەخوازم چۆن موسڵمانان لە رۆژی جەژندا تەنانەت مەڕو ماڵاتەکانیان دەبەنە دەرەوە و جۆرێك لە کەرنەڤاڵی خوشی بەبۆنەی جەژنەوە دروست دەکەن، بەهەمان شێوە رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستانیش دەبێتە کەرنەڤاڵێکی نیشتمانی، بەڵام ئەم کەرنەڤاڵە دەبێت ئیشی بۆ بکرێت، پێش هەموو شت دەبێت لایەنە سیاسییەکان هەوڵبدەن لەگەڵ یەکتری نەرمی بنوێنن و یەکڕیزی دروست بکەین، دیارە ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و هیممەتی هەموو لایەکە و دەبێت بزانێن کە دامەزراندنی دەوڵەت باجدانی دەوێت، وەك بیرمەندی ئیسلامی محەمەد غەزالی دەڵێت: «ئێمە ئەگەر بمانەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت، دەبێت بزانین سەربەخۆیی باجدانی دەوێت. بیرمەندی گەورەی ئیسلامی محەمەد غەزالی دەڵێت: ئەگەر ئێمەش وەك ئەو جووە ملیۆنیرە نەکەین کە گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل، هیچ بە هیچ ناکەین، ئەو جووە لەیەکێك لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا دەژیا و خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام کاتێك دەریانکرد، دەستیان بەسەر هەموو سامانەکەیدا گرت و پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ ئیسرائیل لە ئۆردوگایەکی پەناهەندەکاندا بووە پاسەوانی یەکێك لەو ئۆردوگایانە، دوای ماوەیەك کە دەوڵەتی ئیسرائیل خۆی گرت و گەشەی کرد، بەرپرسانی ئیسرائیلی هاتنە لای ئەم کەسە و پێیان گوت: ئێمە دەزانین تۆ چەند دەوڵەمەند بوویت و لەپێناوی گەڕانەوەت بۆ ئیسرائیل هەموو سەروەت و سامانی خۆت لەدەستداوە، بۆیە وەك دەوڵەت بڕیارمان داوە قەرەبووت بکەینەوە، لەوەڵامدا ئەو جووە بە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسرائیلی گوتبوو: من سوپاستان دەکەم کە ئێوە منتان لەبیرە، بەڵام من جارێکی دیکە ئەو قەرەبووەی ئێوە دەکەمەوە بەدیاری بۆ ئەوەی لەو ئۆردوگایانە خەرجی بکەن کە خەڵکی دیکە لە وڵاتانەوە دێن و تێیدا نیشتەجێ دەبن، ئێستا لەبەر ئەوەی بوومە خاوەن دەوڵەت، خۆم بە ملیۆنێری راستەقینە دەزانم، بۆیە پاسەوانی ئوردگاکانم زۆر لە ملیۆنێری پێ باشترە لەوەی کە لە وڵاتێکدا بژیم و ژێردەستە بم».

*** رێکخەری بزاڤی چاکسازی و گەشە**



# شکستی داعش بە ژمارە



**مایكل نایتس**

*مایكل نایتس: هاوڕێی (لیفەر)ـە لە پەیمانگەی واشنتۆن و نووسەری ئەو ڕاپۆرتەیە كە پەیمانگەكە بە ناونیشانی (چۆنێتی مسۆگەركردنی موسڵ) دەریكردووە، هەروەها لە هەموو پارێزگاكانی عێراق كاری كردووەو چەند كاتێكیشی وەك پاشكۆ لە هێزەكانی ئاسایش لە عێراق بەسەربردووە.

**سەرچاوە: سایتی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك**



هەفتەی رابردوو هێزە ئەمنییەکانی عێراق چوونە نێو بەشی باکووری رۆژئاوای موسڵ، کە دوامۆڵگەی شارەکەیە تا ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی رێکخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی)یە، ئەم پێشرەوییە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی باڵای بەرپرسانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە (٦٨) دەوڵەت کە لە واشنتۆن بەسترا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر قۆناخەکانی دواتری شەڕی دژ بە رێخراوی (داعش)، لە کاتێکدا کە زیاتر گرنگیی بەوە دەدرێت چۆن ئەو گروپە لە دەرەوەی موسڵ راوبنرێت پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد تا ئێستا لە گۆڕەپانەکانی شەڕ لە عێراق چۆن ئەو شکستە بە هێزەکانی رێکخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی) هێنرا، ئەو وانانەی کە پێویستە لەو ئەزموونە سوودیان لێ وەربگیرێت تاکو پاڵپشتیی ئەمریکا و نێودەوڵەتی لە ئایندەدا ئاراستەی هێزی چەکداری عێراقی و کوردی بکرێت.

## ● مافدان بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق

ئەو شەڕە کێبڕکێیەکی توند و ئەنجامی پێچەوانەی تێدا هاتە ئاراوە لەنێوان لایەنگرانی هێزە شەڕکەرە سەرەکییەکانی عێراق، هێزە ئەمنییەکانی عێراق کە سەر بە حکومەتی ناوەندن و لە فەرمانگەی دژە تیرۆرو سوپاو پۆلیسی فیدراڵ پێکهاتووە گەورەترین قەبارەی لەنێو ئەو هێزانەدا هەیە، دوای ئەو، هێزەکانی کوردی دێن کە بریتین لە یەکە سەربازییەکانی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوشێوەکانی لە هێزی زێرەڤانی، بەڵام هێزی سێیەم بریتییە لە ( یەکەکانی حەشدی شەعبی) کە میلیشیان و خۆبەخشانی شیعە دەگرێتەوە کە بە فتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دامەزرا، ئەم هێزانە هەندێ ئەو شیعانەیان تێدایە کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن و لە ساڵانی رابردوودا شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و حکومەتی عێراق کردبوو.

پێویستە لێرەدا باسی بەشدارییکردنی هاوبەش بکەین کە ئەم هێزانە پێشکەشیان کردووە پێش ئەوەی رۆژگار راستییەکان بشێوێنێت، یەکەم، روونکردنەوەی بیرۆکەی دابەشکردنی بارگرانیی شەڕ رەنگە یارمەتی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا بدات کە رەچاوی ئەو رێگەیە بکات کە چۆن عێراقییەکان و کورد توانیان خۆیان لەم ململانێیە ئازادبکەن، دوای ئەوەی زۆربەی شەڕەکانیان لەسەر زەوی (بە هاوکاریی زۆرو

**لەسەر بەرپرسانی ئەمریکا پێویستە ئەو بەدحاڵێبوونە باوە راست بکەنەوە کە گوایە کورد بارگرانییەکی زۆریان لەم شەڕەدا پێ نەبراوە، بەتایبەتیش کە کارئاسانیی ڕێژەی گواستنەوەی راپۆرتەکان لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە لەمیانی شەڕدا لە خەیاڵی تێپەڕاند**

**لە سەرەتای ئەو ساڵەدا یەکەکانی حەشدی شەعبی یەکەم دژەهێرشیان لە ئامرلی و جرفولسەخەر ئەنجامدا، بەڵام کاتێ شەڕی تکریت و رەمادی و فەلوجەو هیت و لە ماوەی ٢٠١٥-٢٠١٦ روویدا هێزە ئەمنییەکانی عێراق بە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیی شەڕەکەیان گرتە ئەستۆ وەک هێزی سەرەکیی دژەهێرش**

**لەکاتێکدا کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق کۆنترۆڵی بەرەیەکی پەرش و بڵاو دەکەن کە ١٢٥٠ میلە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق ٣٦٠٠٠ میل چوارگۆشەیان لە ڕێکخراوەکە سەندۆتەوەو کوردیش ٣١٤٠ میلی چوارگۆشەی زیاتر**

لەرادەبەدەری هێزەکانی هاوپەیمانان) ئەنجامدا، دووەم، لەسەر بەرپرسانی ئەمریکا پێویستە ئەو بەدحاڵێبوونە باوە راست بکەنەوە کە گوایە کورد بارگرانییەکی زۆریان لەم شەڕەدا پێ نەبراوە، بەتایبەتیش کە کارئاسانیی ڕێژەی گواستنەوەی راپۆرتەکان لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە لەمیانی شەڕدا لە خەیاڵی تێپەڕاند. لە واقیعدا هەموو پێوانە بەردەستەکان ئەوە دەردەخەن کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق زیاتر لە هێزەکانی دیکە، ژمارەیەکی زۆری شەڕیان کردووەو ژمارەیەکی زۆری شاریشیان ئازادکردووە، ئەم واقیعە گرنگیی خۆی هەیە لەو کاتەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی دیکەی هاوپەیمانان سوورن لەسەر هاوکاریکردنی ئەمنیی لە داهاتوودا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان. تەنانەت کاتێ بەشداریی قارەمانانەی هێزەکانی کوردی و یەکەکانی حەشدی شەعبی رەچاودەکرێت، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی عێراق تا ئێستا بارگرانیی زیاتریان کەوتۆتە سەرشان و لە ئایندەشدا رووبەڕووی گەورەترین تەحەددی دەبنەوە لەڕووی ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی ڕێکخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی).

**● هەڵمەتی درێژخایەنی ئازادکردنی خاک**

ختەرووی ئۆپەراسیۆنەکان لە بەشە غەیرەکوردییەکانی عێراق ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لە کۆتاییدا هێزە ئەمنییەکانی عێراق هەوڵێکی زۆر دەدەن، چونکە دوای شکستی کارەساتباری شەش فیرقەی سوپاو پۆلیسی فیدراڵی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ یەکەکانی حەشدی شەعبی رۆڵی ئازایانەیان بینی لە کۆنترۆڵکردنی (هێڵی نەکشانەوە) لە سامەڕاو دیالەو دەوروبەری شاری بەغدا، هەروەها عەشیرەتەکانی سوننە کە بەشدارییان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا کرد هەمان رۆڵی قارەمانانەیان هەبوو، بەڵام کەم باسکرا و تەنیا پارێزگاریکردن لە رومادی و حەدیسە نەبێت، لەکاتێکدا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بێ هیچ ڕێگرییەک کۆنترۆڵی زیاتر لە سێیەکی عێراقی دەکرد.

لە سەرەتای ئەو ساڵەدا یەکەکانی حەشدی شەعبی یەکەم دژەهێرشیان لە ئامرلی و جرفولسەخەر ئەنجامدا، بەڵام کاتێ شەڕی تکریت و رەمادی و فەلوجەو هیت و لە ماوەی ٢٠١٥-٢٠١٦ روویدا هێزە ئەمنییەکانی عێراق بە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیی شەڕەکەیان گرتە ئەستۆ وەک هێزی سەرەکیی دژەهێرش، بەهەمان شێوە هێزە ئەمنییەکانی عێراق شەڕی نزیکبوونەوەیان لە دەرەوەی موسڵ لە مەخموورو گەیارەو شەرگات بە رادەیەکی زۆر ئەنجامدا، ئەمە وێڕای ئەو هەڵمەتەی کە ئێستا بۆ گەڕاندنەوەی شارەکە بەردەوامە. بۆیە دەبینین کە هاووڵاتیانی عێراقی لە هەموو ناوچەکانی وڵاتەوە هاتوون بۆ ئازادکردنی موسڵ کە شارێکی سوننەنشینە، لەوانەش دەیان هەزار شیعە کە لە باشووری عێراقەوە هاتوون.

کوردیش شانازیی بە تۆمارێکی بەرچاوی دەستکەوتەکانی شەڕەوە دەکات، دوابەدوای ئەو شکستەی بەر سوپا کەوت لە ئابی ٢٠١٤ و کاتێ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، کورد زۆر بەخێرایی دژە هێرشی راستەخۆیان دەست پێکرد، ئەو شەڕەی ئەوان کردیان زۆر جیاواز بوو لەوەی کە رووبەڕووی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆوە، ئەو شەڕە بریتیی بوو لە رێوشوێنی بەرگریکردن و دژەهێرشی کورت خایەن بۆ گەڕاندنەوەی شوێنە رەسەنەکان، کورد سوودی لە لێهاتوویی شەڕکردن و لە بنەماو بەرەیەکی پتەوو یەکگرتوو وەرگرت، کە ئەمە لای هێزە ئەمنییەکانی عێراق و یەکەکانی حەشدی شەعبی نەبوو، بەهۆی تێکەڵبوونی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە شوێنەکانی دیکەی عێراق.

بەدرێژایی دوو ساڵی رابردوو، هێزەکانی کوردی خاکی جەلەولاو قەرەتەپەو خورماتو ناوەنی نەوتی کەرکووکیان گەڕاندەوە، هەروەها هێرشێکی گەورەی درێژخایەنیان ئەنجامدا بۆ گەڕاندنەوەی زوممارو بەنداوی موسڵ و رەبیعەو شنگال و کەسک، لەم دواییەشدا کورد زانیاریی زیندوو و پشتیوانیی لۆجیستییان لە شەڕدا بۆ گەڕاندنەوەی موسڵ پێشکەشکرد، سەرباری ئەوەی کە راستەوخۆ هاتنە نێو شەڕی دزەکردنی سەختی چوار میلی یەکەمی بەرگرییەکانی دەرەوەی بەشی رۆژهەڵات کە ١٣ میلە.

**● ئەو تەحەددیە سەربازییانەی ماون**

پێوانەی شەڕ دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بیرۆکەیەک بەدەستەوەدەدات کە تا ئێستا چەند تەواوبووە و چ شتێکی دیکە ماوە بەئەنجام بگات، کورد کۆنترۆڵی بەرەیەکی قایم دەکەن کە درێژییەکەی ٥٠٠ میلە دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ ماوەیەک کە نزیکەی سێ

ساڵە بەردەوامە، لەکاتێکدا کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق کۆنترۆڵی بەرەیەکی پەرش و بڵاو دەکەن کە ١٢٥٠ میلە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق ٣٦٠٠٠ میل چوارگۆشەیان لە ڕێکخراوەکە سەندۆتەوەو کوردیش ٣١٤٠ میلی چوارگۆشەی زیاتر. پێویستە دواتر تەلەعفەرو حەویجەو بەعاج و دۆڵی ڕژئاوای ڕووباری فورات ڕزگاربکرێن، بەتایبەتیش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراق و یەکەکانی حەشدی شەعبی ناوبەناویش بە هاوکاریی کورد، ئەو ناوچە عێراقییانەی کە تا ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییە یان ناوچە ناسەقامگیرەکان نزیکەی ١٤٧٠٠ میل چوارگۆشە دەبێت کە زۆربەی زەویی بیابانە، ئەمەش تەحەددیە لەبەردەم هێزە ئەمنییەکانی عێراق. سەرباری ئەمەش پێویستە سنووری سوریا سەقامگیر بکرێت، لەوانە ئەو خاکەی کە بۆ ٢٧٧ میل درێژدەبێتەوەو بەناو کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و بەشێکیشی کە درێژییەکەی ٨٧ میلە بەناو لەژێر دەسەڵاتی کورددایە. پێویستە سنووری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت تاکو ڕێگریی بکرێت لە دزەکردن، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە بە ناوبەناو بکرێتەوە بۆ ڕێگەدان بە بازرگانیی ئاسایی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق، ئەمەش پێویستی بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی هەواڵگریی هەیە لە بەغداو هەولێرەوە، لەگەڵ چاککردنی توانای وردبینیی دژەتیرۆر.

بە کورتی، تائێستا زۆر شت ماوە بکرێت، قۆناخەکانی داهاتووی شەڕ بریتییە لەوەی کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی کورد پەرە بە توانای تازەی خۆیان بدەن، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی ناوچەی فراوان هەیە، زۆربەشیان زۆر دوورن، لەگەڵ گرنگیدان بە تەکنیکی لۆجیستی، هەروەها پێویستی بە هێزی بەرپەچدانەوەی خێرا هەیە کە پشت بە فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکان و بەردەوامیی لۆجیستی ببەسترێت لە شوێنە دوورەدەستەکان، دیسان پێویستە پاڵپشتی لە سنوورەکان و خاڵەکانی پشکنین بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خەڵکێکی زۆر کە ڕەنگە دوای شکستیی ئەو گروپە لە شەڕدا ڕووبدات، هاوکات پێویستە توانای هەواڵگریی و دژەتاوانی ڕێکخراو توندتربکرێت تاکو نەهێڵدرێت ڕێکخراوی داعش ببێتە مافیایەکی توندڕۆ هەروەك لە موسڵ بەر لە ساڵی ٢٠١٤ پەیڕەوی کرد، هەندێ ئەرکی دیکەش هەن کە پێویستە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بیکەن لەپاڵ ڕۆڵی پشتیوانیی زۆری هێزە ئەمنییەکانی کورد.

## ● کاریگەریی و دەرهاویشتەکان بۆ سەر سیاسەتی ئەمریکا

لەسەر ویلایەتەی یەکگرتووەکان پێویستە دەرك بەوە بکات کە عێراق و هەرێمی کوردستان گەورەترین هاوپەیمانی ئەو بوون لەو شەڕەدا دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، دەبێ عێراقییەکانیش دان بەوەدا بنێن کە بەهۆی هەوڵەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا توانیان لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا بەو خێراییەو کەم زیانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لە قۆناخی داهاتووشدا، پێویستە پارێزگاریی لە میکانیزمی هێزە هاویەشەکان بکرێت،( پرۆسەی چارەسەری درێژخایەن) لەجیاتی دانانی ڕێوشوێنی تازە یان هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی فەرمی دەربارەی بارودۆخی هێزەکان( ئەم بژاردەی دوایی بە تایبەتی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران لاوازدەکات لەمیانی ناچارکردن کە ڕێڕەوی سیاسیی خۆی بخاتە مەترسییەوە لەپێناو ڕەزامەندیی پەرلەمانیی کێشەلەسەر کە ڕەنگە شکست بهێنێت)، بە کەمترین مەزەندە، واشنتۆن پێویستی بە پابەندبوون دەبێت بۆ بەهێزکردنی زانیاریی هەواڵگریی لەگەڵ فەرمانگەی دژەتیرۆر و سوپاو پۆلیسی فیدڕاڵ، هەروەها پێشکەشکردنی هاوکاریی بەردەوامی ئەمنی بۆ ئەو هێزانە بۆ ماوەی (سێ بۆ پێنح ساڵ)، لەپێناو بنیاتنانی ئەو توانا تازانەی باسمان کردن. لە هەمان کاتدا، پێویستە لەسەر هاوپەیمانان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هان بدات کە بەردەوام لەڕووی سەربازییەوە هاوکاریی یەکدی بکەن کە بەهۆیەوە توانرا زۆربەی سەرکەوتنەکان بەسەر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بێتەدی، لەوانەش ئەو هەڵمەتەی لە موسڵ بەردەوامە، ئەگەر شکستی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ئامانجی یەکەمی واشنتۆن بێت لە ناوچەکەدا، هەروەك ریکس تیلێرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەفتەی ڕابردوو باسی کرد، ئەوا پێویستە بەرنامەیەك بۆ بەهێزکردنی هاوکاریی ئەمنیی بەردەوام لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دابنێت، لەپێناو پاڵپشتیکردنی هاوپەیمانانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ئەم شەڕە گازی لەوانیش گرتووە.

**قۆناخەکانی داهاتووی شەڕ بریتییە لەوەی کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی کورد پەرە بە توانای تازەی خۆیان بدەن، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی ناوچەی فراوان هەیە، زۆربەشیان زۆر دوورن، لەگەڵ گرنگیدان بە تەکنیکی لۆجیستی**

**لەسەر ویلایەتەی یەکگرتووەکان پێویستە دەرک بەوە بکات کە عێراق و هەرێمی کوردستان گەورەترین هاوپەیمانی ئەو بوون لەو شەڕەدا دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، دەبێ عێراقییەکانیش دان بەوەدا بنێن کە بەهۆی هەوڵەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا توانیان لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا بەو خێراییەو کەم زیانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن**

**پێویستە لەسەر هاوپەیمانان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هان بدات کە بەردەوام لەڕووی سەربازییەوە هاوکاریی یەکدی بکەن کە بەهۆیەوە توانرا زۆربەی سەرکەوتنەکان بەسەر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بێتەدی**



رۆژهات ئامەدی
ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان– باکور بۆ گوڵان:

# ئامانجی پەکەکە خزمەتکردنی کوردانی ئێزیدی نییە، تەنیا دەیەوێت دەڤەری شنگال بۆ بەرژەوەندیی ئێران بەکار بهێنێت

## پەکەکە لەحکومەتی تورکیا زیاتر بەرپرسیارە لەخراپبوونی دۆخی کوردستانی باکوور

**لە ئێستادا ناوچەکە بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری و پەرەسەندنی گرنگ و گەورەدا تێدەپەڕێت، لەم نێوەندەدا کوردستانیش ڕۆڵ و پێگەی دیارەو خوازیاری هەنگاوهەڵگرتنە بۆ ئایندەیەکی گەش و تێپەڕاندنی کارەسات و نەهامەتییەکانی رابردوو، بەڵام ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگی دژواریش بۆتەوە، بۆ نموونە، ئەو سیاسەتەی پەکەکە پەیڕەوی دەکات، وایکردووە نەتوانرێت وەك پێویست سوود لە بارودۆخەکە وەربگیردرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژهات ئامەدی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان - باکوور، ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئێستا رەوشی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناخێکی سەخت و هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەموو ئاراستەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك رێبەرێکی حەکیم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، نوێنەرایەتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەکات. ئایا رێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە تاچەند بوونەتە هۆکاری ئەوەی روانگەی جیهانی بەرامبەر بە کورد وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا بێت؟**

- راستە رۆژهەڵاتی ناوین بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، بەرنامەیەکی دوورو درێژ بۆ رۆژهەڵاتی ناوین دانراوە کە وڵاتانی رۆژئاواو ئەمەریکا لەناو ئەو بەرنامەیەدان، ئەم بەرنامەیەش ئێستا سەرەتاکانی دەستی پێکردووەو کاتێکی زۆری دەوێت، هەریەك لەحکومەتەکانی تورکیاو ئێرانیش لەلایەن خۆیانەوە پێوەندییان بە بەرنامەکەوە هەیە. ئێران سەرپەرشتی بیروبۆچوونی شیعەگەری دەکات و خوازیاری کۆنترۆڵکردنی زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەبەرامبەریشدا تورکیا دژ بە ئێران چاودێرێکی گەورەیەو دەیەوێت ببێتە سەرداری سوننە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم دوو ئاراستە دژ بەیەکە شتێکی تازە نییە و لەدوای رێککەوتنی قەسری شیرین لەنێوان تورکیاو ئێران تا ئەمڕۆ بەردەوامە. بەڵام دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێت، سیاسەت لەناوچەکەدا گۆڕانکاری بەسەردا هات، بە هاوشێوەی ئەو گۆڕانکارییەی کە لەسەرتاسەری جیهاندا روویدا. لەم بارودۆخەدا وڵاتانی رۆژئاوا پێیان خۆشە بارودۆخێك بێتەپێش کە هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران رۆڵی سەرەکییان نەبێت لەکاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ ئەوەی تورکیاو ئێران نەتوانن لەم ناوچەیەدا بەرامبەر رۆژئاوا راوەستن، چونکە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو پردێك وایە بۆ هەموو دنیاو بۆ هەریەك لەئەمەریکاو رووسیاو وڵاتانی ئەورووپا بایەخی ستراتیژی خۆی هەیە. هەرئەوەشە وایکردووە رۆژئاوا دەیەوێت بارودۆخێك بێتە پێشەوە سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوین بێتەدی. بۆ جێبەجێبوونی ئەو ستراتیژییە سەرەتا دەبێت سەقامگیری لەناوچەکەدا بەرهەم بهێنرێت کە بێ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مومکین نییە ئەم ئامانجە ستراتیژییە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی کێشەی هەرە گەورەی رۆژهەڵاتی ناوین کە کێشەی (سوننەو شیعە)یە و دوای ئەمیش کێشەی کوردو کوردستان دێت، هەربۆیە تا کێشەی کوردو کوردستان چارەسەر نەبێت، سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایەتەدی. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بڕیاری داوە کە جەنابی سەرۆك بارزانی ببێتە شەریکێك بۆ

**کریستیان و ئێزیدی و موسڵمان و سوننەو شیعەو دەیان ئاینزای دیکە لەم ناوچەیەدا ژیانیان پارێزراوەو رێزیان لێدەگیرێ. ئەوروپا و ئەمەریکاو دنیای پێشکەوتوو ئەم راستیە دەبینن و پاڵپشتییەکی باشی دەکەن**

**بزووتنەی گۆڕان ژێر بە ژێر سیاسەتێک بەڕێوەدەبات کە پێی خۆشە پەکەکە لە باشووری کوردستان تێکدەر بێت و لەو بوارەشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**

چارەسەرکردنی پرسی کوردستان لەم ناوچەیەدا، بێگومان لەکوردستاندا فاکتەری دیکەش هەیە لەو هێزانەش یەکێتی نیشتمانی کوردستان فاکتەرێکە، ئەگەرچی دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال یەکێتی لە بارودۆخێکی جیاوازدایە، هەروەها فاکتەری پەکەکەش هەیەو پەکەکە بڕیاری خۆی داوە کە پێی خۆش نییە لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپا و ڕۆژئاوا و ناتۆ کار بکات، بەڵکو پەکەکە بڕیاری داوە لەگەڵ ئێران کار بکات و ئێرانیش پێی خۆش نییە لەم ناوچەدا ئارامی دروست ببێت و بەرنامەیەکی بۆ خۆی هەیە کە دەیەوێت ببێتە گەورەو سەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەمەش دنیاو جیهانی مەدەنی قبوولی ناکات.

**پەیەدە ڕێکخستنێکی سەربەخۆ نییە؛ بەڵکو لەلایەن پەکەکەوە لە قەندیلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەڕێوەدەچێت، هەروەها پەیەدە گرێدراوی ڕژێمی شامە، چوون و هاتن و هاوکاری و هەماهەنگی هەیە لە نێوانیان**

*** لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا جەمسەربەندییەك دروست بووە، بەشی هەرە زۆری پارت و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشن، بەڵام پەکەکە و حزبە دروستکراوەکانی وەك پەیەدە و یەبەشە و ئەوانە هاوپەیمانی ئێران و ڕژێمی سووریان و ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان بە سپۆنسەری تیرۆر لە قەڵەم دەدرێن، ئایا بۆچی پەکەکە شەڕی بەوەکالەت بۆ ئێران دەکات و مەبەستێتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە ئێران و سووریا و عێراق پێش نەکەوێت؟**

-بەداخەوە پەکەکە لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بۆ سەرکەوتن و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکە گرێداوە، ئەو بەرنامەو سیاسەتەی کە پەکەکە ئێستا پیادەی دەکات، تازە نییە. زۆر گرنگە خەڵکی ئێمە بزانن پەکەکە کە هاتە دامەزراندن بۆ ڕێگەگرتن لە هێڵ و ڕێبازی نیشتمانی بەتایبەتی بۆ ڕێگریکردن لە ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەم ڕاستیەش دەرکەوت و لەلایەن پرۆفیسۆر (یەڵچن کوچەك) خرایەڕوو، کە ناوبراو یەکێکە لە دانەرانی ستراتیژی پەکەکە و لەبەرنامەکەیدا گوتوویەتی: «من کارم بۆ وڵاتی کۆماری تورکیا کردووە، وامکردووە کوردو گەنجان و لاوانی کوردی باکوور دووربخەمەوە لە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی بارزانی و تا ڕادەیەکی باشیش لەو کارەی خۆمدا سەرکەوتوو بووم و کوردەکانی تورکیا ئێستا بۆ دیموکراسی تورکیا کار دەکەن، نەبۆ خەتی نیشتمانیی کورد.» ئەو پرۆفیسۆرە زۆر ناسراوە لەسەر ئاستی تورکیاو بۆ ماوەی ( ١٠- ١٥ ) ساڵ سەرپەرشتی ستراتیژیەتی پەکەکەی کردووە، بۆیە لە هەڵسوکەوت و سیاسەتی پەکەکەدا ڕۆڵی (یەڵچن کوچەك) بەتەواوی دیار بووە. من پێم سەیرە زۆرجار گوێبیستی ئەوە دەبین پەکەکە لە شنگال شەڕی داعشی کردووە و نەیدەویست ئەو دەڤەرە بکەوێتە دەستی داعش، ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە، پەکەکە لەگەڵ هێزی دیکەدا ڕێککەوتبوون کە لەشنگال جێگیر بن و شنگال لەدەستی پێشمەرگە دەربهێنن و لە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەرێمی کوردستانی دووربخەنەوە. شنگال دەڤەرێکی گرنگە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ دروستکردنی ڕێڕەو بۆ سەر دەریای ناوەڕاست، لەکاتێکدا ڕێڕەوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەر دەریای ناوەڕاست ڕێڕەوێکی کوردییە، بەڵام ئاوات و ئامانجی ئێران بووە، بۆ ئەوەی باشتر سووریا کۆنترۆڵ بکات، هەروەها بۆ ئەوەی لە شنگالەوە چاودێری باشتری ئیسرائیل بکات، کە ئەگەری ئەوەش هەبوو ڕۆکێتەکانی بە ئاراستەی ئیسرائیل لەو ناوچەیە جێگیر بکات، لەبەر ئەوە ئامانجەکە ئەوە بوو شنگال بکەوێتە دەستی ئێران و مالیکی و پەکەکە. بەڵام هەرگیز لەم بەرنامەیەدا سەرکەوتوو نەبوون و نابن، چونکە سیاسەتی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قبوولی ناکەن، لەبەر ئەوەی سیاسەتێکی کۆنەپەرستییە و خزمەتی ئێران دەکات. ئەگەر بێینە سەر ڕۆژئاوا، ئەوا ڕاستە پەیەدە سەرپەرشتیی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، بەڵام سیاسەتی ڕژێمی شام و ئێران بەڕێوەدەبات، واتا حکومەتێکی بەوەکالەتی ئێران و شام بەڕێوە دەبات، ئەگەرچی ئەوان پێشتر ئەمەیان ڕەتدەکردەوە، بەڵام ئێستا بەئاشکرا بۆ هەمووان دەرکەوتووە کە ١٠٠٪ پەیەدە سیاسەتی ئێران و شام جێبەجێ دەکات، تەنانەت ڕێگە نادەن سیاسەتێکی دیکە، یا ئەلتەرناتیڤێکی دی لە ڕۆژئاوای کوردستان سیاسەت بکات، بگرە ڕێگەنادەن ڕۆشنبیرێکی کورد باسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد

**پەکەکە ٣٨ ساڵە لە باکووری کوردستان ئیدعای ئەوە دەکات داوای ماف و بەرژەوەندی و ڕزگاری گەلی کورد دەکات، ئەی خێرە تا ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت گوندێکیش لە باکوور ڕزگار بکات؟**

بکات، ئەگەر رۆشنبیران و سیاسەتمەداران لایەنگرانی پەیەدە نەبن، تەنیا یەك مافیان هەیە، ئەویش زیندانیکردن و تیرۆرکردنیانە، لەکاتێکدا لەدنیادا شتی وا نییە، ئالێرەدا ئەگەر پەیەدە لەم سیاسەتە سەرکەوتووش بێت، تەنیا وڵاتێکی وەکو کۆریای باکوور دروست دەبێت.

*** پەکەکە خۆی بە گرێدراوی حکومەتی عێراق دەزانێت و خۆی وەك حەشدی شەعبی دەناسێنێت و هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە کە خەڵکانی وەك نوری مالیکی لە دژی کوردستان دەیکەن و بەئاشکراش دەڵێن بڕوامان بە سەربەخۆیی کوردستان نییە. ئایا بەڕاست پەکەکە بڕوای بەسەربەخۆیی کوردستان نییە؟ ئەگەر وایە ئەی لە پێناوی چیدا شەڕی کوردکوژی دەکات؟**

- هەر وەکو لەسەرەتادا باسم کرد، ئامانجی پەکەکە لە رۆژی دامەزراندنی پەکەکەوە دەرکەوتووە، کە خەتی نیشتمانی نەهێڵێت، لە راپۆرتی دامەزراندنی پەکەکەدا هەیە کە بۆ سەرکەوتنی پەکەکە دەبێت پارتی نەمێنێت و دەبێت هیچ رێکخستنێك لە دەرەوەی پەکەکە نەمێنێت، بۆ ئەمەش دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و رێبازی بارزانی نەمر بوون، لەبەر ئەوەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی نەمر ئۆتۆنۆمییان دەوێت و سەربەخۆییان ناوێت. ئەم سیاسەتە لەساڵانی ١٩٧٩ -١٩٨٠ تاکو ساڵانی نەوەدەکان وابوو، تەنانەت ئێستاش کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەنابی بارزانی داوای سەربەخۆبوون دەکەن، بەهەمان شێوە پەکەکە دووبارە دژی بارزانی دەوەستنەوە و، دەڵێن ئێمە نارەحەتین لەبەر ئەوەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێوەندییان لەگەڵ تورکیا هەیە، باشە خۆ لە ساڵی ١٩٩١ تورکیا شەڕی لە دژی بارزانی دەکرد، ئەی بۆچی ئەو کاتەش پەکەکە شەڕیان لە دژی بارزانی دەکرد؟ واتە لە ساڵی ١٩٩١ کاتێك تورکیا وتی ئێمە مۆڵەت نادەین بارزانی تەنانەت سیستەمی فیدراسیۆنیش دروست بکات، ئەی بۆچی ئەو کاتە پەکەکە شەڕی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەفرۆشت؟ بۆیە ئاشکرایە پەکەکە رێکخستنێکی بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد نییە.

*** ئەی پێوەندی نێوان پەکەکەو حەشدی شەعبی چۆنە؟**

- هەموو دنیا دەزانن ئەو هەموو گروپ و تاقمە چەکدارانەی حەشدی شەعبی کە بەناوی جیاجیاوە هاتۆتە دامەزراندن هێزێکی چەکداریی سەر بەئێرانن و هەر لایەنی ئێرانیش دروستی کردوون، ئەگەرچی تا ئێستا عەبادی سەرۆك وەزیرانە، بەڵام نفووزی مالیکی هەر ماوە، مالیکی و ئێران پێیان خۆش نییە کورد لەباشووری کوردستان سەربکەوێت و سیاسەتێکی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەکوردستان بچەسپێت، بۆیە دێن و بۆ بەرگرتن بەم رەوشە رێککەوتن لەگەڵ ئەو لایەنانە دەکەن کە دوژمنایەتی پارتی دەکەن. واتە نایانەوێت جیهانێکی مەدەنی بە سەرۆکایەتی بارزانی لێرە بچەسپێت.

*** ئەوەی بەسەر ئێزیدییەکان و شنگال هات کارەساتێکی گەورە بوو. شنگال بەشێکە لە باشووری کوردستان و لە باشووریش پەرلەمان و حکومەتی کوردستان هەیە، کەچی پەکەکە هەوڵ دەدات شنگال بکاتە کانتۆن و لە باشووری کوردستانی دابڕێت، ئایا دوای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکان هات، ئێستا پەکەکە بەوە پاداشتیان دەداتەوە کە شارەکەیان داگیربکات و رێگە نەدات ئاوەدان بکرێتەوە؟**

- ئەگەر ئامانجی پارتێك یا رێکخراوێکی بەرژەوەندخواز جێگیربوون بێت لە ناوچەیەك، ئەوا هیچ گرنگی نادات بەوەی ئەو ناوچەیە تێکبچێت، یا وێران بێت، ئامانجی پەکەکە جێگیرکردنی سیاسەتی ئێرانە لە شنگال، دەبێت لێرەدا ئێمە وەکو سیاسەتمەدار و رۆشنبیرو توێژەرو ئەکادیمی وتوێژی جددی بکەین. ئەرکی ئەو نوخبەیە ئەوەیە پرسیار بکات: پەکەکە ٣٨ ساڵە لە باکووری کوردستان ئیدعای ئەوە دەکات داوای ماف و بەرژەوەندی و رزگاری گەلی کورد دەکات، ئەی خێرە تا ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت گوندێکیش لە باکوور رزگار بکات؟ سەیر بکەن لەم دوو ساڵەی دواییدا لە کوردستانی باکووری چی روویداوە، لەکاتێکدا حکومەتی تورکیا ئامادە بوو لەگەڵ پەکەکە دانوستاندن بکات و هاوپەیمانێتی بکات

**مالیکی و ئێران پێیان خۆش نییە کورد لەباشووری کوردستان سەربکەوێت و سیاسەتێکی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەکوردستان بچەسپێت، بۆیە دێن و بۆ بەرگرتن بەم رەوشە رێککەوتن لەگەڵ ئەو لایەنانە دەکەن کە دوژمنایەتی پارتی دەکەن**

**هەموو دنیا دەزانن ئەو هەموو گروپ و تاقمە چەکدارانەی حەشدی شەعبی کە بەناوی جیاجیاوە هاتۆتە دامەزراندن هێزێکی چەکداریی سەر بەئێرانن و هەر لایەنی ئێرانیش دروستی کردوون**

که نزیکەی ٨٠ پەرلەمانتاریان هەبوو کەچی پەکەکە رەتی کردەوە؛ بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئێران داوای لە پەکەکە کرد بۆ بەرژەوەندی ئەوان شەڕو پێکدادانی سەربازی بکات. ئەوە بوو شەڕی خەندەقەکانیان دروست کرد لە سلۆپی و شرناخ و نسیبین و جزیرەو هەرزەو سور و ماردین و چەندین شارو شارۆچکەی دیکە، ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو کارەیان بە ئامانجی دروستکردنی کانتۆنەکان و بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردە، بەڵام دەرئەنجام ٧٠٠٠ گەنجی کوردیان کوشت و ٥٠٠,٠٠٠ کوردیان دەربەدەر کردو لەماڵ و زێدی خۆیان دوورکەوتنەوەو هەموو شارەکان تێکچوون، کەواتە کوردی باشوور دەبێت ئەو پرسیارە بکات، ئایا پەکەکە لە کوردستانی باکوور چی کردووە تا بتوانێت لە شنگال شتێکی باش بکات؟ لەکاتێکدا ئامانجی پەکەکە خزمەتکردنی کوردانی باشوورو میللەتی کوردی ئێزیدی نییە، بەڵکو ئامانجی پەکەکە ئەوەیە ناوچەی ئێزیدییەکان بۆ بەرژەوەندیی ئێران بەکاربهێنێت.

*** پەیەدە کە بەشێکە لە پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان بارەگای ئەنەکەسە و ئاڵای کوردستان دەسووتێنێت، ئایا پەیەدە لە پێناوی چیدا رێگە نادات و هێز و لایەنەکانی دیکە لە رۆژئاوا بوونیان هەبێت و لەسەر چ بنەمایەك دژایەتی ئاڵای کوردستان دەکات؟**

- پەیەدە رێکخستنێکی سەربەخۆ نییە؛ بەڵکو لەلایەن پەکەکەو لە قەندیلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بەڕێوەدەچێت، هەروەها پەیەدە گرێدراوی رژێمی شامە، چوون و هاتن و هاوکاری و هەماهەنگی هەیە لە نێوانیان، تەنانەت لەسەرەتای هەفتەی رابردووەوە نوێنەرێکی باڵای رژێمی سووریا، سەردانی قامشلۆی کردو بەئاشکرا لەگەڵ نوێنەری پەیەدە دانوستاندن و گفتوگۆیان ئەنجامدا. کەواتە کاتێك پەیەدە رێگا بەهیچ حزب و سیاسەتمەدارێکی دیکە و بە ئەنەکەسە نەدات، ئەوا ئەمە جێبەجێکردنی داواکاری ئێران و مالیکی و رژێمی بەشار ئەسەدە.

*** رەوشی باکووری کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، هۆکاری ئەو هەموو ئاڵۆزییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پەکەکە سیاسەتێکی هەڵە پیادە دەکات و بۆتە هۆکاری ئەوەی کە پەرلەمانتارە کوردەکان هەموویان دەستگیر بکرێن، ئایا رەوشی باکووری کوردستان بەرەو کوێ دەچێت و تاچەند پەکەکە زیانی لە رەوشی کوردانی باکووری کوردستان داوە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە. پێش دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر من وەکو سیاسەتمەدارێك لە رێپۆرتاژێکی تایبەتدا ئاماژەم بەو رووداوانە کرد کە ئەمڕۆ لە تورکیا روودەدەن، دۆخی سیاسی لە تورکیا تاوەکو پێش دووساڵ و نیو لەمەوبەر باش بوو، ئێمە وەکو یەکێك لە سەرکردەو لایەنگیری پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا پێشبینی تێکچوونی رەوشەکەمان کردبوو، کە ئەمەش بەفیتی ئێران و رژێمی شام روودەدات، ئێران و شام هەردووکیان پێیان خۆش بوو پەکەکە لە کوردستانی تورکیا دەست بەشەڕ بکات و، پەکەکە ئەو کارەی کردو دەرئەنجام حکومەتەکەی ئاکپارتی بەسەرۆکایەتی ئاردۆغان ناچاربوو سیاسەتێکی توند بەرامبەر کورد بەکار بهێنێت. زۆربەی ئەو پەرلەمانتارانەی لایەنگیرییان بۆ پەکەکە دەکرد، دەستبەسەرکران، سەرۆکی شارەوانییەکانی هەدەپە کە سەر بەلیستی ئەو پارتە هەڵبژێردرابوون و زۆربەیان سەر بە پەکەکە بوون، ئەوانیش راپێچی زیندانەکان کران کە بەداخەوە ئەو شارەوانییانە لەبری ئەوەی خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە شارو گەلەکەیان بکەن، کەچی سیاسەتی پەکەکەیان پیادە دەکرد. لەهەموو دنیاش هەروا بووە کەسانێك دەنگت پێ دەدەن بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتری شارەکەیان بکەی، نەك خزمەتی سیاسەتی قەندیل بکات. هەر بۆیە پەکەکە لەحکومەتی تورکیا زیاتر بەرپرسیارە لەخراپبوونی دۆخی کوردستانی باکوور، چونکە سیاسەتەکانی ئێران و شامی لە تورکیا بەڕێوەبردووە. ئێستا قۆناغێکی نوێ لەکوردستانی تورکیا بەڕێوەیە. راستە شەڕ شارەکانی کوردستانی باکووری تێکدا، بەڵام لێرەدا پەکەکە و هەدەپە بەم سیاسەتە شکستێکی زۆر گەورەیان خوارد. من قەناعەتم وایە دوای ریفراندۆم بارودۆخێکی نوێ دروست دەبێت، ئەگەر هاتوو دەرئەنجامی ئەو ریفراندۆمە

**لە ساڵی ١٩٩١ تورکیا شەڕی لە دژی بارزانی دەکرد، ئەی بۆچی ئەو کاتەش پەکەکە شەڕیان لە دژی بارزانی دەکرد؟ واتە لە ساڵی ١٩٩١ کاتێک تورکیا وتی ئێمە مۆڵەت نادەین بارزانی تەنانەت سیستەمی فیدراسیۆنیش دروست بکات، ئەی بۆچی ئەو کاتە پەکەکە شەڕی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەفرۆشت؟ بۆیە ئاشکرایە پەکەکە رێکخستنێکی بۆ بەرژەوەندییەکانی کورد نییە**

**رێڕەوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەر دەریای ناوەڕاست رێڕەوێکی کوردییە، بەڵام ئاوات و ئامانجی ئێران بووە، بۆ ئەوەی باشتر سووریا کۆنترۆڵ بکات، هەروەها بۆ ئەوەی لە شنگالەوە چاودێری باشتری ئیسرائیل بکات، کە ئەگەری ئەوەش هەبوو رۆکێتەکانی بە ئاڕاستەی ئیسرائیل لەو ناوچەیە جێگیر بکات**

لەقازانجی ئۆردوگان تەواو ببێت، قەناعەتی من ئەوەیە دۆخێکی وەکو دۆخی پێش دوو سێ ساڵی رابردوو دەستپێبکاتەوەو دانوستاندن بۆ چارەسەری گرفتی کوردان بێتەوە کایەوە، واتە دووبارە پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا لەگەڵ کوردان دەستپێبکاتەوە، لەمەشدا راستە تورکیا پەکەکەی ناوێ، بەڵام کاراکتەری نوێ دروست دەبێت، واتە لە هاتنە پێشەوەی دۆخی نوێ کاراکتەری نوێ دروست دەبێت، مەرج نییە پارتی دیموکراتی کوردستانی – باکوور لەگەڵ تورکیا دابنیشن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو لەهاتنە کایەی دۆخێکی نوێ سیاسەتمەدارو رۆشنبیرو لایەنی دیکە دروست دەبێت. لەم کاتەدا گفتوگۆیەکی زۆر جددی لەتورکیا هەیە کە دەنگ بە بەڵێ، یان نەخێر بدەن، ئەگەر بێتو زۆرینە دەنگ بە نەخێر بدات، ئەوا دۆخەکە بەرەو خراپبوون دەچێت، ئێمە پێمان خۆش نییە دۆخەکە ئاڵۆزترو خراپتر بێت.

*** بەڵام ئێستا پەکەکە هەڕەشە لە حکومەتی کوردستانی باشوور و هێزی پێشمەرگە دەکات. ئەگەر پەکەکە بەردەوام بێت لەسەر ئەم سیاسەتە چەوتەی کە دەرهەق بە کوردستانی باشوور ئەنجامی دەدات، پێتانوایە چی روودەوات؟**

- من لەو بڕوایەدا نیم شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو پەکەکە بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکە رووبدات، بەڵام ئەمە کێشەی سەرجەم هێزەکانی کوردستانە کە نوێنەرایەتییان هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، واتە پەکەکە تەنیا کێشە نییە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵکو پەکەکە کێشەی هەریەك لە یەکێتی و نیشتمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و سەرجەم حزبەکانی ترە، بەڵام ناتوانم ئەمە بۆ گۆڕان و کۆمەڵ بڵێم، چونکە گۆڕانیش ژێر بە ژێر سیاسەتێك بەڕێوەدەبات کە پێی خۆشە پەکەکە لە باشووری کوردستان تێکدەر بێت و لەوبوارەشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. بەڵام لە ئێستادا ئەزموون و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە قۆناغێکی نوێی خوڵقاندووە و پێویستە گەلی کوردستانی باشوور سوود لەو دەستکەوتانە وەربگرن کە بەتەئکید هەنگاوەکانی سەربەخۆیی کوردستان نزیك بووەتەوە. ئەوەتا لەکۆمکاری وڵاتانی عەرەبی کە لە دەریای مردوو بەسترا، باس لەدژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردستان نەکرا، بەڵکو زۆر لەو وڵاتانە وتوویانە ئەگەر کورد بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا بڕیاری خۆی بدات، ئێمە ناتوانین دژی دەوڵەتی سەربەخۆ ببینەوە. بەمشێوەیە لەمێژووی سەربەخۆیی هیچ نەتەوەیەکدا ئەوەندە پشتگیری نەبووە. ئەوەتا کورد هێشتا بڕیاری سەربەخۆیی نەداوە، نزیکەی ٤٠ وڵات ئامادەیە سەربەخۆیی کورد قبوڵ بکات، جەنابی بارزانی نەك تەنیا بۆ کوردو کوردستان بەڵکو بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە فاکتەرێك سەقامگیری، ئەمەش بۆ جیهان گرنگە، چونکە ئەورووپا و ئەمەریکا دەیانەوێت سەقامگیری هەبێت لەو ناوچەیەدا. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ناسراوە بە ئەمباری نەوت و غازو دابینکردنی پێداویستییەکانی دنیای پێشکەوتوو بەتایبەتی بۆ ئەورووپا دابین دەکات. وابزانم لە ٢٠ ساڵی رابردوودا توانیمان پێکەوەژیان و لێبوردەییەکی باش لەنێوان نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان بپارێزین، ئەوەتا کریستیان و ئێزیدی و موسڵمان و سوننەو شیعەو دەیان ئاینزای دیکە لەم ناوچەیەدا ژیانیان پارێزراوەو رێزیان لێدەگیرێ. ئەورووپا و ئەمەریکاو دنیای پێشکەوتوو ئەم راستیە دەبینن و پاڵپشتییەکی باشی دەکەن.

*** ئایا ئەو ریفراندۆمەی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکرد، بەوەی ئەمساڵ کورد راپرسی لەسەر سەربەخۆیی دەکات، چ کاردانەوەیەکی بەدوای خۆیدا هێناو سوودەکانی بۆ میللەتی کورد چییە؟**

- ئەمڕۆ هەموو دنیا پێی خۆشە ببینێت، کورد بە ریفراندۆم چی دەوێت؟ سەرۆك بارزانی دەخوازێت بۆ دنیا بیسەلمێنێت کە سەربەخۆیی خواست و ویستی میللەتی کوردە، نەك تەنیا بیروبۆچوونی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، خۆشبەختانە تا ئێستا نەمبیستووە بیروبۆچوونێکی توندو دژ بە ریفراندۆم هەبێت، زۆربەی لایەنە سیاسییەکان رێگر نین لە ئەنجامدانی ریفراندۆم.

**پەکەکە پێی خۆش نییە لەگەڵ وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپا و رۆژئاوا و ناتۆ کار بکات، بڕیاری داوە لەگەڵ ئێران کار بکات و ئێرانیش پێی خۆش نییە لەم ناوچەدا ئارامی دروست ببێت و دەیەوێت ببێتە گەورەو سەرداری رۆژهەڵاتی ناوین، ئەمەش دنیاو جیهانی مەدەنی قبووڵی ناکات**


**تا کێشەی کوردو کوردستان چارەسەر نەبێت، سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایەتەدی. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بڕیاری داوە کە جەنابی سەرۆک بارزانی ببێتە شەریکێک بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردستان لەم ناوچەیەد**



# دۆناڵد ترەمپ و
# ستراتیژیەتی دژی تیرۆریستان



پیتەر فیڤەر



هال براندس



**لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١وە حکومەتی ئەمریکا ئەوەی سەلماندووە کە پرۆفیشناڵە لە کوشتنی تیرۆریستان و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی پیلانەکان و لاوازکردنی ڕێکخراوەکانیان، ماوەیەکی زۆری نەبرد واشنتۆن توانی دەستێکی گەورە لە یەکێک لە ڕێکخراوە هەرە ترسناکەکان بوەشێنێت کە ئەلقاعیدە بوو**

**لە کۆتایی ٢٠١٦، داعش کۆنترۆڵی لە پێگە سەرەکییەکانی خۆی لەدەستدا وەک فەلوجە، رومادی لە عێراق، مونبیج و جەرابلوس لە سووریا، هەروەها هێزە عێراقییەکان بە پشتگیری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەشەڕدان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، گروپە میلیشیاکانی سووریاش بە پشتگیری ئەمریکا لە سووریا دەستیان کردووە بە ئۆپەراسیۆنی گرتنی رەققەی پایتەختی خەلافەتی داعش**

ئەمریکا لەهەوڵەکانی دژی تیرۆریزم هەر زوو گەیشتە دووڕیانێك، لەلایەك هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەدژی داعش توانیویانە تیرۆریستانی داعش لە زۆربەی ئەو خاکەی کە پێشتر لەبەردەستیان بووە، پاشەکشە پێبکەن، هەر بۆیە زوو، یان درەنگ لە رووی سەربازییەوە لە سووریا و عێراق تێکدەشکێندرێن، لەلایەکی دیکەوە سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داعشدا نابێتە دوائامانجی شەڕی دژی تیرۆر کە لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە ئەمریکا دەستی پێکردووە. لەبەر ئەوەی بەشێك لەو پارێزگایانەی کە بەتەواوەتی بەدەست داعشەوە بوون، ئەوا دوای رووخانی خەلافەتی داعش ئەوەی دەمێنێتەوە یاخی دەبن، بەمەش جارێکی دیکە رێکخراوی ئەلقاعیدە و پاشکۆکانی دەبنەوە سەرچاوەی هەڕەشەو سەرباری ئەمانەش بارودۆخێکی وا دێتە پێشەوە کە رێکخراوی دیکەی جیهادی دروست ببێت، کە لەوانەیە لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا بڵاوببنەوە. بۆیە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی پێویست دەبێت، بڕیار بدات، کام ستراتیژ لە قۆناخی داهاتووی شەڕی دژی تیرۆردا پیادەدەکات.

دۆناڵد ترەمپ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە ستراتیژیەتی دژە تیرۆری ئەمریکادا دەکات، بەڵێنی داوە کە ئایدیۆلۆژیەتی رایدیکالیزمی ئیسلامی تیرۆریزم تێکبشکێنێت. بۆیە لە ئێستادا کە سەرۆکە رووبەڕووی کۆمەڵێك بژارەی فراوان دەبێتەوە، لەوانە دەکرێت بژارەی دەستبەرداری پابەندبوونە سەربازییەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هەڵبژێرێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا زیاتر دەبێتە هاندەری تیرۆریزم لە جیهاندا، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانێت بڕیار بدات، پێگەیەکی گەورە و قورسی ستراتیژیەتی زیادکردنی هێز بگرێتەبەر، ئەمەش بەوشێوەی هێزێکی سەربازی گەورە بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان توانای رێکخراوە تیرۆریستییەکان تێکبشکێنێت، هەروەها هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی وەرچەرخانێك لەو کۆمەڵگەیانە دروستبکات کە ئەم شەڕە بەرهەمیان دەهێنێت.

دوو بژارەی دیکەش هەن، کە ئەویش ستراتیژیەتی جێ پێی شاراوەیە بۆ شەڕی دژە تیرۆر (Light- footprint)، کە زۆر نزیکە لە ستراتیژیەتی ئۆباما کە پێش دەرکەوتنی داعش پیادە دەکرا، بەڵام ئەوەی دیکەیان کە پیادەکردنی مێتۆدی هێزی زیاترە، نزیکە لەو بەرپەرچدانەوەی واشنتۆن کە لە کۆتایی ٢٠١٤ پیادەی دەکات.

هیچ کام لە ستراتیژانە نموونەیی نین، بژارەی دەستبەردابەرداربوون لە دەستتێوەردانی سەربازی و بژارەی زیادکردنی هێز و زیادبوونی هەڕەشەکان، هەردووکیان لەوانەیە تێچووی زۆریان بوێت و شکستیش بێنن، هەروەها هەردووکیشان ناتوانرێت لە ئێستا بەرگرییان لێ بکرێت، لەگەڵ ئەوەی چاوەڕێ دەکرا، ئەم دوو بژارەیە هەڕەشەکان کەم بکاتەوە، بەڵام شکستیان هێنا.

بۆیە پێویستە ترەمپ باشترینیان لە نێوان بژارە زۆر خراپەکاندا هەڵبژێرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی لە گوتاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئاماژەی بەوە کرد کە کەمترین زیان لەو میتودە بێت کە نزیکە لە ستراتیژیەتی شوێن پێی مامناوەندی کە ئەمڕۆ بۆ تیکشکاندنی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کاری پیادەکرێت. ئەمەش بریتی دەبێت لە لێدانی ئاسمانی و هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ئۆپەراسیۆنی تایبەتی و پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هێزی بچووك بۆ رووبەڕووبونەوەی هەڕەشەیەکی دیاریکراو، هەموو ئەمانەش دەبنە پشتگیری بۆ ئەو هەوڵانەی کە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی هەرێمی دەیگرنەبەر، ئەم شێوازەش سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە لە تەنگژەکەدا بەدەست ناهێنێت، بەڵام زۆر پێدەچێت کە ئەمە رێگەیەکە کە تا ئاستێکی پەسەند و بە نرخێکی گونجاو ئاسایش دەستەبەر دەکات.

## ● چۆن شەڕی هایدرا بکەین؟

لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١وە حکومەتی ئەمریکا ئەوەی سەلماندووە کە پرۆفیشناڵە لە کوشتنی تیرۆریستان و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی پیلانەکان و لاوازکردنی رێکخراوەکانیان، ماوەیەکی زۆری نەبرد واشنتۆن توانی دەستێکی

گەورە لە یەكێك لە رێكخراوە هەرە ترسناكەكان بوەشێنێت كە ئەلقاعیدە بوو. لەساڵانی ٢٠٠١و ٢٠٠٢ توانی لە ئەفغانستان گورزی گورجكبڕ لە قاعیدە بوەشێنێت، لەماوەی ١٠ ساڵی دوای ئەو رووداوەدا، تەنیا رووبەڕووی رێكخراوی قاعیدەی عێراق و قاعیدەی نیمچە دوورگەی عەرەبی و هەندێك لە پاشكۆكانیان بۆتەوە، هەربۆیە هەوڵەكانی دژە تیرۆر بەمجۆرە بەڕێوەچووە، هەتا رێكخراوی تیرۆریستی و دڕندەی داعش دەركەوت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئۆپەراسیۆنی زۆر سەركەوتووش بەدەست بهێنێت، بەڵام سەركەوتن بەسەر تیرۆریزمدا هێشتا زۆر دوورە و كارێكی ئاسان نییە.

ئەم كێشەیە جارێكی دیكە لە ئاسۆدا دەردەكەوێتەوە، هەروەك چۆن لە كۆتایی ٢٠١٦، داعش كۆنترۆڵی لە پێگە سەرەكییەكانی خۆی لەدەستدا وەك فەلوجە، رومادی لە عێراق، مونبیج و جەرابلوس لە سووریا، هەروەها هێزە عێراقییەكان بە پشتگیری هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەشەردان بۆ ئازادكردنەوەی موسڵ، گروپە میلیشیاكانی سووریاش بە پشتگیری ئەمریكا لە سووریا دەستیان كردووە بە ئۆپەراسیۆنی گرتنی رەققەی پایتەختی خەلافەتی داعش، وەزارەتی بەرگری ئەمریكا مەزندەی ئەوەی خستۆتەڕوو كە لە مانگی ئابی ٢٠١٤ ـەوە هاوپەیمانان توانیویانە زیاتر لە ٤٥ هەزار چەكداری داعش بكوژن، هەروەها توانای بەرگریی داعش و پتەوی رێكخراوەكەیان و ورەیان زۆر بە توندی تێكشكێندراوە و مەسەلەی تێكشكاندنی داعش تەنیا پرسێكە پەیوەستە بەكاتەوە.

بەڵام تێكشكاندنی ئەم گروپە نابێتە هۆی كۆتاییهێنان بە شەڕی تیرۆریزم، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانەی داعشی لێیە لە وڵاتانی وەك ئەفغانستان و بەنگلادیش و لیبیا كە لەوێ بوونیان هەیە و ماون، هەروەها ئەو چەكدارانەی داعش كە لە عێراق و سووریاوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانە، خۆیان رێكدەخەنەوە. هەروەها ئەلشباب لە سۆمال و قاعیدەی نیمچەدورگەی عەرەبی لەیەمەن و جەبهەتولنوسرە ئەوانیش هەردوولایان لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە، لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی بەشی زۆری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك سەرچاوەی توندڕۆیی دەمێنێتەوە، ئەوا جێگرەوەی داعش لەوانەیە لە عێراق و سووریا دووبارە سەرهەڵبداتەوە، لەم حاڵەتەشدا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پێویستی بە ستراتیژیەتێكە بۆ قۆناخی داهاتوو لەشەڕی تیرۆریزمدا.

### ● ئەگەر هیچ نەكەین

بژارەیەكی دیكە ئەوەیە دەبێت ئەمریكا سوود لەو هەلانە وەربگرێت كە لە تێكشكاندنی داعش دێنەئاراوە بۆ بڕیاردان لەسەر ستراتیژیەتێك كە لای كۆترە رەخنەگرەكان پەسەندە، ئەویش دەستبەردابوونی سەربازییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. ئەم بژارەیە پاشگەزبوونەوەیەكی تەواوە لەو ستراتیژیەتەی ئێستا پیادەدەكرێت و گەڕانەوەیە بۆ ستراتیژیەتی دژەتیرۆری ئەمریكا لە نەوەدەكان و سەدەی رابردوودا، ئەمەش مانای ئەوەیە بەشێوەیەكی دراماتیكی بوونی هێزەكانی ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ هێشتنەوەی هێزێكی زۆر كەم كە پێویستە بۆ پاراستنی ئاسایشی باڵوێزخانەكانی ئەمریكا، هەروەها واشنتۆن بەردەوام دەبێت لە جێبەجێكردنی هەندێك لێدانی دژی تیرۆریستان، كە ئەمیش لە زۆر حاڵەتەدا سروشتێكی تۆڵەئامێزی دەبێت، وەك ئەو هێرشانەی كە لە ساڵی ١٩٩٨ بیل كلینتۆن كردیە سەر بنكەكانی قاعیدە، پاش تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریكا لەلایەن قاعیدەوە لە وڵاتانی كینیا و تەنزانیا. هەروەها هیچ هێرشێكی خۆپارێزی دژی هەڕەشە مەزندەكراوەكان ناكات، تەنیا بە رێگەی فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان، یان هۆكاری دیكەی چەكی دوورمەودا و بەرپرسیاریەتی دیاریكراو لە هێرشەكاندا، سەرباری ئەمانەش ئەمریكا هیچ هەوڵێك ناخاتەگەڕ كە هاوبەشیی دژە تیرۆر لە سفرەوە دروست بكاتەوە، وەك ئەوەی لە ئەفغانستان و عێراق كردوویەتی، بەڵكو بە شێوەیەكی زۆر گەورە هاوكارییە سەربازییەكانی بۆ قەڵاچۆكردنی تیرۆر لە وڵاتان كەمدەكاتەوە وەك میسر و سعودیە.

دەستبەرداربوون لە بوونی هێزی سەربازی لە ناوچەكە، واتە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

**وەزارەتی بەرگری ئەمریكا مەزندەی ئەوەی خستۆتەڕوو كە لە مانگی ئابی ٢٠١٤ ـەوە هاوپەیمانان توانیویانە زیاتر لە ٤٥ هەزار چەكداری داعش بكوژن، هەروەها توانای بەرگریی داعش و پتەوی رێكخراوەكەیان و ورەیان زۆر بە توندی تێكشكێندراوە و مەسەلەی تێكشكاندنی داعش تەنیا پرسێكە پەیوەستە بەكاتەوە**

**لەبەر ئەوەی بەشی زۆری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك سەرچاوەی توندڕۆیی دەمێنێتەوە، ئەوا جێگرەوەی داعش لەوانەیە لە عێراق و سووریا دووبارە سەرهەڵبداتەوە**

**ئەمریكا لەناوخۆی وڵاتدا جەخت لەسەر هەواڵگری و جێبەجێكردنی یاسا دەكاتەوە، لەدەرەوەش جەخت لەسەر هاوبەشیی هەواڵگری لەگەڵ وڵاتانی دیكە و دابینكردنی هاوكاری دیپلۆماتی لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمدا كاردەكات**

لە بنەڕەتدا بە ڕێگەی ناسەربازی. ئەمریکا لەناوخۆی وڵاتدا جەخت لەسەر هەواڵگری و جێبەجێکردنی یاسا دەکاتەوە، لەدەرەوەش جەخت لەسەر هاوبەشیی هەواڵگری لەگەڵ وڵاتانی دیکە و دابینکردنی هاوکاری دیپلۆماتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمدا کاردەکات، هەروەها ئەم ئاراستەیە پێویستی بە هاوکارییەکی دیاریکراوی پەرەپێدان بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەڵام ئامانجی سیاسەتی ئەمریکی نابێتە هۆکاری ئەوەی کە بەشێوەیەکی ڕیشەیی دووبارە دابڕێژدرێتەوە، زۆر بەسادەیی خۆتێوەنەگلان بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا تووشی هیچ شەڕێك نەبێتەوە.

لۆژیکی خۆتێوە نەگلاندن سادەیە، واتە: دەستتێوەردانی سەربازی ئەمریکا لە جیهانی ئیسلامیدا ناتوانێت کێشەی تیرۆریزم دەستنیشان بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە تۆی توندڕەیی دژی دەستێوەردانی ئەمریکا زیاتر دەکات، کشانەوەشی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەڕەشەی تیرۆریستی بۆ سەر وڵاتەکە ببێتەوە، لانیکەم خۆتێوەنەگلاندن ئامانجێکی گرنگی تیرۆریستان (کەسوپای ئەمریکایە) لەبەرچاو لادەبات، هەروەها لەو شکستانەش دوورمان دەخاتەوە کە زۆر جاران بەدەستی هێزەکانی ئەمریکا، یان بەهەڵە خەڵکی بێتاوانی سڤیل دەکوژرێن، هەروەها تیرۆریستانیش بیانوویەکی زۆر گەورەیان لەدەست دەردێت کە پروپاگەندەی ئەوە دەکەن ئەمریکا خاکی پیرۆزی داگیرکردووە. زۆر گەشبینانەتر، ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە توندڕەیی میلیشیا ئیسلامییە توندڕۆیەکان لە ئەمریکا دوور بکەوێتەوە و بگەڕێتەوە سەر حکومەتە سەرکوتکارەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکانی میانڕۆ بەرەو توندڕەیی هەنگاو هەڵنەگرن. ویڕای هەموو ئەمانەش هەڕەشەی تیرۆر هەر دەمێنێت، بەڵام بیانووەکە دەبێتە ئەوەی کە باشترە بەشێوەیەکی زۆر باش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و فێربکرێن کە چۆن بژین، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك حاڵەتدا هێرشی بچووك بکرێت، لەبری ئەوەی کە بەشێوەیەکی زۆر یەکلاکەرەوە هێرش بکرێتە سەریان، لەم حاڵەتەدا واتە خۆتێوەنەگلاندن وئەوەی لایەنگرانی ئەم بۆچوونە داوای دەکەن، ئەمریکا دەتوانێت ساڵانە چەندین ملیار دۆلاری بودجەی خۆی بگێڕێتەوە بە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی تیرۆر و لە پەراوێزیشدا دەتوانێت قەبارەی سوپاکەی کەم بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیژیەتی خۆتیوەنەگلاندن دژایەتی زۆری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خاڵێکی گەورەی پروپاگەندە دەخاتە دەستی توندڕەوکان وەك ئەوەی دەڵێن: ئەمریکا هەڵهات، ناتوانیت شەڕبکات، کاتێك شەڕەکە خوێناوی بێت، بەڵام ئەگەر سەیری ڕۆڵی نەریتی واشنتۆن بکەین، وەك فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیری هەرێمی، ئەوا ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن بۆشاییەکی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات، هەروەها هەڕەشە دەکەوێتە سەرئەو دەوڵەتانەی کە بایەخێکی گرنگیان بۆ ئەمریکا هەیە وەك عەرەبستانی سعودیە.

لە هەموو ئەمانەش خراپتر ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکییەکانی توندڕەیی جیهادییەکان، بەڵام ستراتیژیەتی خۆتیوەنەگلاندنیش بەشێوەیەکی کردەیی نابێتە هۆکاری کەمکردنەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان. هۆکاری دیکەش بوونیان هەیە، وەك بەها لیبراڵییەکانی ئەمریکا، هەروەها پشتگیری غەیرە سەربازی بۆ ڕژێمە سەرکوتکارەکانی وەك میسر و سعودیە، هاندانی جیهادییە تیرۆریستەکان. سەرباری ئەوەی بێئومید بوون لەوانەیە هەستی دژە ئەمریکی کەم بکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەمریکا نەتوانێت ئەو مەترسییە سەرەتاییانە پەکبخات، وك پێش کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر بوونیان هەبووە، هەروەك چۆن بەرپرسانی ئەمریکی شکستیان هێنا لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڕەشانەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دروستی دەکرد، بەمجۆرە خۆتێوەنەگلاندن نابێتە هۆکاری ئەوەی ئەمریکا لە چاوی تیرۆریستان دووربخاتەوە، بەڵکو لەو ئامێرە پێویستانە مەحروومت دەکات بۆ ئەوەی لە پەنجەرەوە ڕێگە لە هەڕەشەکان بگرێن. هەربۆیە ئەگەر هێرشێکی زۆر سادەش بووە هۆکاری ئەوەی کە قوربانییەکی بەکۆمەڵی

**ئەگەر سەیری ڕۆڵی نەریتی واشنتۆن بکەین، وەک فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیری هەرێمی، ئەوا ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن بۆشاییەکی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات، هەروەها هەڕەشە دەکەوێتە سەرئەو دەوڵەتانەی کە بایەخێکی گرنگیان بۆ ئەمریکا هەیە وەک عەرەبستانی سعودیە**

**لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکییەکانی توندڕەیی جیهادییەکان، بەڵام ستراتیژیەتی خۆتیوەنەگلاندنیش بەشێوەیەکی کردەیی نابێتە هۆکاری کەمکردنەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان**

**ستراتیژیەتی شوێن پێی شاراوە لە ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن تێچووی زیاترە، بەڵام لە ستراتیژیەتی دەستتێوەردانی سەربازی زۆر تێچووی کەمترە**

لێ بکەویتەوە، ئەوا ئەو سەرکردانەی قوماریان لەسەر ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن کردووە، دووچاری کارەساتێکی سیاسی دەبنەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم لایەنە نەرێنییانەی ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن، ئەوا هیچ سەرۆکێکی ئەمریکی ناتوانێت تەبەنی سیاسەتی خۆتێوەنەگلاندن بکات. ئەگەر سەیری ئیدارەی ئۆباما بکەین کە لەدوای کوشتنی ئوسامە بن لادن لە ٢٠١١، هەندێك سۆزی بۆ سیاسەتی خۆتێوەنەگلاندن خستەروو، بەڵام سەرەنجام گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئەمە ستراتیژێکی پراکتیکی نییە، لە رووی سیاسیشەوە توانای بەردەوامیی نییە.

● **نەرم نەرم.**

ستراتیژیەتی دوای داعش پێویستی بەوە نییە ئەمریکا بەهەموو سیاسەتی دژەتیرۆر لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بچێتەوە، بەڵکو لێرەدا بژاردەی دووەم هەیە، بژاردەی شوێن پێی (lioght-footprint)، کە میلی کاتژمێرەکە دەگێڕێتەوە بۆ ماوەیساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ ئەو ماوەیەی کە تیایدا بن لادن کوژرا، پێش ئەوەی داعش وە هێزێکی گەورە دەربکەوێت. لۆژیك لە پشتی ئەم ستراتیژیەتەوە ئەوەیە کە ئەمریکا دەتوانێت تیرۆر کەم بکاتەوە بۆ ئاستێك کە بتوانێت بە بەکارهێنانی هێزێکی سەربازیی دیاریکراو شەڕی ئەو گروپە تیرۆریستییانە بکات کە توانای ئەنجامدانی هێرشی گەورەیان هەیە، بەڵام نابێت لەمە دوورتر بڕۆین، لەبەر ئەوەی هێزی دەرەکی ناتوانێت چارەسەری ئەو کێشە سیاسییانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا بکات کە رەگ و ریشەیەکی قووڵیان هەیە. هەربۆیە دەبێت ئەمریکا خۆی لە هێزی گەورەو خەرجی زۆر بەدوور بگرێت، لەبەر ئەوەی مەترسیی کەوتنە ناو زۆنگاو، لە مەترسیی خودی تیرۆر گەورەترە.

لەرووی کردارییەوە، ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی ئەم ستراتیژیەتە ئەوەیە کە دەبێت هەوڵە سەربازییە خۆپارێزییەکان بەردەوام بن بۆ لاوازکردنی رێکخراوە تیرۆریستە ترسناکەکان، ئەوجا ئەم تیرۆریستانە لە هەر کوێیەك بن، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەمریکا خۆی دووربخاتەوە تەنانەت لە بڵاوەپێکردنی هێزی سەربازی زۆر کەمیش، دەبێت هەوڵەکان سنووردار بن، لە چوارچێوەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، هێرشی ئاسمانی و لە هەندێك حاڵەتیشدا پەنا بۆ ئۆپەراسیۆنی هێزە تایبەتەکان ببرێت، کە لەو کاتەنەدا پێویست بە هێزی زەمینی دەکات بۆ جڵەوگیری ئەو رێکخراوە تیرۆریستانەی کە زۆر دڕندەو وێرانکەرن، هەر بۆ نموونە رێکخراوی ئەلشباب لە سومال و قاعیدە لەنیمچە دوورگەی عەرەبی، هەروەها واشنتۆن دەبێت پشت بە حکومەتی هەرێمی ئەو ناوچانە ببەستێت و هاوکارییان پێشکەش بکات، وەك لێدانی دوورمەودا بە مووشەك و دابینکردنی پێداویستیی لۆجیستی بۆ ئەو حکومەتانە. لەهەمەوو ئەم پرسانەدا حکومەتە هەرێمییەکانی ئەو ناوچانە پشکی شێریان بەردەکەوێت لەکارەکەدا، هەروەها ستراتیژیەتی شوێن پێی شاراوە، تەنیا بەرێوەبردنی دەوێت، بۆ ئەوەی رووبەڕووی شکست نەبینەوە، ئەمەش وەك هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بەڵام دیاریکراو لەبەرچاو دەگیرێت و تا ئەوپەڕی تێچووشی کەم دەبێت.

ئەم ئاراستەیە لایەنی باشی دیکەشی هەیە و توانای نموونەیی سەربازیی ئەمریکای تیا بەکار دەهێنرێت، وەك توانای لێدانی مووشەکی دوورمەودا لە پێناوی دروستکردنی گوشاری بەردەوام لەسەر رێکخراوە تیرۆریستییەکان بەبێ ئەوەی رووبەڕووی ئەو شکستانە ببینەوە کە لە ئاکامی دەستتێوەردانی سەربازی رووبەڕووی دەبینەوە. هەروەها خۆمان لە هۆشداریی ناوخۆ دووردەخەینەوەو دەتوانین رووبەڕووی ئەو هەڕەشانە ببینەوە کە زۆر کەمتر دەبێتە هۆکاری لەناوچوونی هاووڵاتیانی ئەمریکا وەك مەترسیی چەك و نەخۆشیی دڵ لەو روانگەیەوە.

هەروەها ستراتیژیەتی شوێن پێی شاراوە لە ستراتیژیەتی خۆتێوەنەگلاندن تێچووی زیاترە، بەڵام لە ستراتیژیەتی دەستتێوەردانی سەربازی زۆر تێچووی کەمترە، بۆیە دەتوانرێت سەرچاوەی زیاتر بکەوێتە بەردەست بۆ چارەسەری ئەو کێشە پێویستانەی کە پێویستە چارەسەریان بکەین، لە گۆڕانکاری ژینگەییەوە، تادەگاتە دووبارە گەرانەوەی ململانێی نێوان هێزە گەورەکان، ئەگەر ئەم سوودانە لەبەر چاو



ئەمریکا دەتوانیت تیرۆر کەم بکاتەوە بۆ ئاستێک کە بتوانێت بە بەکارهێنانی هێزێکی سەربازیی دیاریکراو شەڕی ئەو گروپە تیرۆریستییانە بکات کە توانای ئەنجامدانی هێرشی گەورەیان هەیە

ئەگەر ئەمریکا نەتوانێ ئەو نەخۆشییە چارەسەر بکات کە دەبێتە هۆکاری تیرۆر و پەرەسەندنی فیکری توندرۆیی ئایینی، ئەوا هەرگیز ناتوانێت هەڕەشەکان لەناو بەرێت

بگرین، ئەوا هیچ جێگەی سەرسوڕمان نابێت، کە ئەم ستراتیژە دوای مردنی ئوسامە بن لادەن و کۆتایی شەڕی عێراق لەناو ئیدارەی باراك ئۆبامادا دەرکەوتبێت.

کاتێك ئیدارەی ئۆباما ستراتیژیەتی شوێن پێی شاراوەی دۆزییەوە، دەیزانی ئەوە چارەسەرێکی سیحری نییە، ئەمەش لەبەر تەنیا یەك شت بوو، کە ستراتیژییەکە واتە پشت بەستن بەو کاراکتەرە لۆکاڵانەی کە ئامادە نین، یان لە رووی ئەخلاقییەوە رێگە بەخۆیان نادەن کاری دڕندەیی ئەنجام بدەن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا گەرەنتی سەرکەوتنیش نادەن، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا تەنیا مەبەست ئەوە بووە جڵەوگیری رێکخراوە تیرۆریستییەکان بکرێت و رێگە لە روودانی کارەساتی گەورە بگیردرێت، بەڵام لە خراپترین حاڵەتدا لەوانەیە هاوبەشە لۆکاڵەکان شکست بهێنن، ئەگەر پشتگیری زیاتریان لەلایەن ئەمریکاوە بۆ دابین نەکرێت، بۆ جڵەوگیری رێکخراوە تیرۆریستەکان، لەم حاڵەتەشدا ستراتیژەکە زیانێکی گەورەی پێدەگات و ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت.

هەر بۆنموونە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١١ واشنتۆن پارەو کاتێکی زۆری بەفیڕۆ دا بۆ بونیادنانەوەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق وەك هاوبەشێك لە شەڕی دژەتیرۆردا، بەڵام تەنیا بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ ئەو هێزەی عێراق لەبەریەك هەڵوەشایەوە، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی داعش دەوڵەتی ئەمری واقیعی خۆی دابمەزرێنێت و چەکداری بیانی بکاتە سەربازی خۆی و راستەوخۆ ببێتە سەرچاوەی ئیلهامی هێرشەکانیان.

رووداوێکی هاوشێوەی عێراق لەیەمەنیش روویداوە، ستراتیژیەتی شوێن پێی شاراوە بۆ ماوەیەك زۆر بەباشی دژی قاعیدەی نیمچەدوورگەی عەرەبی کاری پێکرا، ئیدارەی ئۆباما ئەم ستراتیژەی وەك نموونەیە بۆ شەڕی دژە تیرۆر وەسف دەکرد، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ دەوڵەتی یەمەن و هێزە سەربازییەکەی لەبەردەم یاخیبوونی حوسییەکان کە لەدەرەوە پشتگیری دەکران، لەبەریەك هەڵوەشانەوە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەرکەکانی دژەتیرۆری ئەمریکا شکست بهێنێت و بوار رەخسا بۆ ئەوەی رێکخراوی قاعیدە لە نیمچەدورگەی عەرەبیی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر هەموو وڵاتدا فراوان بکات. بۆیە ئەگەر ئەمریکا نەتوانێ ئەو نەخۆشییە چارەسەر بکات کە دەبێتە هۆکاری تیرۆر و پەرەسەندنی فیکری توندڕۆیی ئایینی، ئەوا هەرگیز ناتوانێت هەڕەشەکان لەناو بەرێت.

مەترسیی ستراتیژیەتی شوێن پێی شاراوە لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە دابینکردنی خەرجی و پێداویستی هەیە، بەڵام بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی هەڕەشەکان بخەینە ژێر کۆنترۆڵ، لە کاتێکیشدا کە شکست دێنێت، ئەوا ئەمریکا دەتوانێت لەبارودۆخێکی باشتر لە پێشتر دەستتێوەردان بکات، ئەمە لە کاتێکدا رەخنەیەکی زۆر دەخاتە سەر بەرپرسیاریەتی سەرکردەکان، ئەمەش بە تەواوەتی وەك ئەوەی لەماوەی ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٥ رەخنە لە ئیدارەی ئۆباما گیرا و بووە هۆکاری ئەوەی کە ناچاربێت رێگەیەکی توندتر بگرێتەبەر.

## ● ستراتیژیەتی گۆلیدلۆکس

بژارەی سێیەم کە لەوانەیە باشترین بژارە بێت لە ئێستادا، ناوی لێنراوە (قەڵاچۆکردنی داعش پلەس) ئەمەش واتە پابەندبوونێکی گەورەی ئەمریکی بە ئاراستەی زیادکردنی هێز، لانیکەم دەتوانین بڵێین ئەم ستراتیژە نزیکە لە هەڵمەتی ئیدارەی ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ قەڵاچۆکردنی داعش کە زیاتر لە ٥٠٠٠ سەربازی ئەمریکی لە عێراق و سووریا بڵاوە پێکرد و لەگەڵیشدا بە هەزاران هێرشی ئاسمانی ئەنجام دا، هەروەها پشتگیری دیکەی ئۆپەراسیۆنەکە لەناوچەکەدا، بەمەش نزیکەی ٢٠هەزار سەربازی بڵاوە پێکرد بۆ بەرەپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشە دیارکراوانەی لە رێکخراوێکی تیرۆریستی زۆر بەهێزە سەرچاوەیان دەگرت، هەروەها هاوکاری و مەشقی بە هێزە هەرێمییەکان دەکرد، لەمەش گرنگتر ئەم ستراتیژە ئەوەی تێپەڕاند کە تەنیا بڵاوەپێکردنی هێز جێگەی ستراتیژیەتی شوێن پێی شاراوە بگرێتەوە، بەڵکو بواری ئەوەی رەخساند، بە شێوەیەکی زۆر یەکلاکەرەوە ئۆپەراسیۆنەکان ئەنجام بدرێن.

بەردەوام هێزەکانی ئەمریکا بە رێگەی هێزی

■

**ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵینەداوە وەرچەرخان لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکات، هەروەها هانی هاوپەیمانەکانی نەداوە بۆ ئەوەی هەڵبستن بە ریفۆرمی سیاسی و ئابووری، یان لە ریشەهەڵکێشانی ئایدیۆلۆژیای جیهادی، کە دەبوو بۆ هاندانی ئەو جۆرە چاکسازییانە دیپلۆماتی و وەبەرهێنانی ئابووری بەکاربهێنێت**

■

**بە پێکەوە گرێدانەوەی بەشێک لەم توخمانە (هێزی ئاسمانی، راوێژکارانی سەربازی، ئۆپەراسیۆنی هێزی تایبەت، هەواڵگری و دیپلۆماتی) ئەمریکا دەتوانێت تۆڕە تیرۆریستییە زۆر ترسناکەکان تێکبشکێنێت، یان رێگری بکات لەو هەڕەشانەی کە ئەمڕۆ دەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات بۆ ئەوەی سبەی کاولکاری لێنەکەوێتەوە**

■

**دابینکردنی پشتگیری زیاتر بۆ هێزە هاوپەیمانەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی پارێزگاری لە کاریگەریی هێزەکانی دژبە تیرۆریستان بکرێت و هەروەها ئەمریکا دەبێتە خاوەن نفوزێکی گەورە بۆ راستکردنەوەی رەفتارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی مەزهەبگەرایی، ئەمەش دەبێتە هۆکاریک بۆ ئەوەی کەمتر تووشی شکست ببێتەوە**



ئاسمانی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و هێرشی دوورمەودای، بەرپرسیاریەتی دیاریکراوی بووە، بەڵام ئەمانە هەموویان بەشێك لە شاڵاوە ئاسمانییە فراوانەکان بوون، بۆ ئەوەی بتوانن ئاسمان و بەشێکی فراوانی ئامانجەکان کۆنترۆڵ بکەن، لەهەمانکاتدا ئۆپەراسیۆنی هێزە تایبەتەکان ناو بەناو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و پەکخستنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ئەنجام دەدەن، هەروەها هێزێك بە قەبارەی بەتالیۆنێك هەڵدەستێت بە چالاکی دژی تیرۆریستان، یان پشتگیری لە هێزی ئەو ناوچەیە دەکات، ئەم ئۆپەراسیۆنانە هاوشێوەی ئەوانەن کە لەساڵی ٢٠٠٢ لە ئەفغانستان ئەنجامدراون کە تیایدا هەزار سەربازی ئەمریکی لەگەڵ هەزار چەکداری میلیشیاکانی ئەفغانستان بە پشتگیری هێزەکانی هاوپەیمانان هێرشیان دەکردە سەر بنکەکانی تاڵیبان و قاعیدە، لەدوماهیشدا هێزەکانی ئەمریکا کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان دەکەن، نەك هەر تەنیا بە ڕێگەی مەشق و پشتگیری لۆجیستی، بەڵکو بە پێدانی ڕێنمایی و چوونیان لەگەڵ ئەو هێزە بۆ بەرەکانی شەڕ. ئەم جۆرە یارمەتییانە تەنانەت دوای تەواوبوونی شەڕەکە هەر بەدەوام دەبێت، ئەمەش وەك گەرەنتییەك بۆ ئەوەی هێزە هاوپەیمانەکە هەر بە بەهێزی و کاریگەری بمێنێتەوە.

لەچوارچێوەی ئەم ئاراستەیەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵینەداوە وەرچەرخان لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکات، هەروەها هانی هاوپەیمانەکانی نەداوە بۆ ئەوەی هەڵبستن بە ریفۆرمی سیاسی و ئابووری، یان لە ریشەهەڵکێشانی ئایدیۆلۆژیای جیهادی، کە دەبوو بۆ هاندانی ئەو جۆرە چاکسازییانە دیپلۆماتی و وەبەرهێنانی ئابووری بەکاربهێنێت. لەلایەکی دیکەوە واشنتۆن هەوڵیداوە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریست و توندڕەوانە تێکبشکێنێت، کە دەبوو لەبری ئەوە هەوڵ بدات لغاوگیریان بکات، بۆ ئەم کارەش خۆی رووبەڕووی مەترسی و قوربانیدانێکی گەورە کردۆتەوە.

هەربۆیە ئەم ستراتیژە پشت بەهەمان ئەو

**ئەو هێزانەی وەک هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق و هێزە کورد و عەرەبییەکان لە سووریا کە ئەمریکا لەشەڕی دژی داعش پشتگیرییان لێدەکات، ئەدایەکی باشتریان بووە**

**ئەگەر ماکی تیرۆر لەناو چەندین کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ریشەی داکوتابێت، هەتا ئەو نەخۆشییە لە ریشەوە هەڵنەکێشرێت، ئەوا ئۆپەراسیۆنی سەربازی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەریشسەرکەوتوو بێت، کات و تیچوونێکی زۆری دەوێت**

**بوش لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ زیاتر لە ١٥٠-٢٠٠ هەزار سەربازی نارد بۆ عێراق، بۆ ئەمەش ئیدارەی بوش پابەندبوونی خۆی بۆ خەرجی ئابووری و هەواڵگری و دیپلۆماتی بۆ ئەو هێزە خستەگەڕ، ئەمەش نەک تەنیا بەو ئامانجەی کە مەترسیدارترین رێکخراوی تیرۆریستی تێکبشکێنێت، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە سەرەتایەک بۆ داڕشتنەوەی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دروست بکات**

دەستنیشانکردن دەبەستێت کە ستراتیژیەتی شوێنپێ پشتی پێدەبەستێ، ئەمەش بەو مانایە کە ئەمریکا هەوڵنادات ئەو نەخۆشییانە دەستنیشان بکات کە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی تیرۆر، بۆیە هەرگیز ناتوانێت هەڕەشەی تیرۆر لەناو بەرێت. لەوانەیە ئەمریکا هەندێ جار بتوانێت سەرکەوتنی گەورەی سەربازی لە دژی تیرۆریستان بەدەست بهێنێت، تەنانەت هەتا ئەگەر بیرکردنەوەمان بۆ ئەوە بچێت، رێکخراوەکانیشیان تیکبشکێنێت و سەرکردەکانیشیان بکوژێت، بەڵام ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت.

لە راستیدا گەورەترین سوودی ئەم ستراتیژە ئەوەیە کە دەتوانرێت گورزی زیاتر لە تیرۆریستان بسرەوێنرێت، لەگەڵ رێگرتن لەبڵاوکردنەوەی هێزێك کە لە رووی تێچووی سیاسییەوە زۆری تیدەچێت.

بەپێکەوە گرێدانەوەی بەشێك لەم توخمانە (هێزی ئاسمانی، راوێژکارانی سەربازی، ئۆپەراسیۆنی هێزی تایبەت، هەواڵگری و دیپلۆماتی) ئەمریکا دەتوانێت تۆڕە تیرۆریستییە زۆر ترسناکەکان تێکبشکێنێت، یان رێگری بکات لەو هەڕەشانەی کە ئەمڕۆ دەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات بۆ ئەوەی سبەی کاولکاری لێنەکەوێتەوە.

لەمەش زیاتر، دابینکردنی پشتگیری زیاتر بۆ هێزە هاوپەیمانەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی پارێزگاری لە کاریگەریی هێزەکانی دژبە تیرۆریستان بکرێت و هەروەها ئەمریکا دەبێتە خاوەن نفوزێکی گەورە بۆ راستکردنەوەی رەفتارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی مەزهەبگەرایی، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کەمتر تووشی شکست ببێتەوە. هەر بۆ نموونە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤وە کە ئەمریکا ئەو ستراتیژە پیادە دەکات، ئەو هێزانەی وەك هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق و هێزە کورد و عەرەبییەکان لە سووریا کە ئەمریکا لەشەڕی دژی داعش پشتگیرییان لێدەکات، ئەدایەکی باشتریان بووە، هەروەها ئەم ستراتیژە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا کە ئەم ستراتیژە لە ئەفغانستانیش پیادەکراوە، بەرەنجامێکی باشی بەدەستەوە داوە.

هەروەها ئەم ستراتیژە لایەنی نەرێنیشی هەیە، کە دەبێت هێزێك بە قەوارەی (٥-٢٠) هەزار سەرباز لە هەر کاتێکدا بنرێت و لەو ناوچەیە بڵاوبکرێتەوە، بێگومان ناردنی ئەم هێزەش دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی ژمارەیەکیان، هەروەها ساڵانەش ٥-٢٠ بلیۆن دۆلار خەرجیان دەبێت، ئەم خەرجیە لەوانەیە زۆر زۆر نەبێت، بەڵام لەو بژارەیە قورسترە کە پەنای بۆ دەبەین. گەورەترین مەترسی ئەم جۆرە هەڵمەتەش ئەوەیە کە ماوەکەی دیار نییە، لەوانەیە لە باشترین حاڵەتدا کاتێکی زۆری پێویست بێت، هەتا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لەمەش خراپتر ئەگەر ماکی تیرۆر لەناو چەندین کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ریشەی داکوتابێت، هەتا ئەو نەخۆشییە لە ریشەوە هەڵنەکێشرێت، ئەوا ئۆپەراسیۆنی سەربازی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەریش سەرکەوتوو بێت، کات و تیچوونێکی زۆری دەوێت.

### ● راوەشاندنی گۆچانە گەورەکە

ئەم خاڵە بەرەو دوایین بژارەمان دەبات، ئەویش ستراتیژیەتی زیادکردنی بەپەلەی هێزە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ژمارەیەکی زۆری سەرباز بۆ کاتێکی مامناوەندی و درێژماوە بڵاو بکرێتەوە، هەروەك چۆن جۆرج دەبلیو بوش لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ زیاتر لە ١٥٠-٢٠٠ هەزار سەربازی نارد بۆ عێراق، بۆ ئەمەش ئیدارەی بوش پابەندبوونی خۆی بۆ خەرجی ئابووری و هەواڵگری و دیپلۆماتی بۆ ئەو هێزە خستەگەڕ، ئەمەش نەك تەنیا بەو ئامانجەی کە مەترسیدارترین رێکخراوی تیرۆریستی تێکبشکێنێت، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو کە سەرەتایەك بۆ داڕشتنەوەی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دروست بکات، ئەم ستراتیژە ئەوە پیشاندەدات کە تیرۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەنجامی کەڵەکەبوونی نەبوونی ئازادی سیاسییە لە جیهانی ئیسلامیدا، لەم حاڵەتەدا ئەمریکا دەبێت خودی نەخۆشییەکە چارەسەر بکات، نەك لەگەڵ دەرهاویشتەکەی مامەڵە بکات، هەر ئەمەشە بۆتە هۆکاری ئەوەی کاتێك رێکخراوێکی تیرۆریستی تێکدەشکێندرێت، دوای ئەوە رێکخراوێکی تازەتر دەردەکەوێتەوە، لە جیهانێکیشدا کە هەولگرییەکی تەواوی نییە، ئەوا

دەبێت ئەمریکا خۆی بۆ هێرش و کارەساتێکی دیکە ئامادە بکات.

ئەم دەستنیشانکردنە وەڵامی دوو هەنگاو دەداتەوە، یەکەم: تێکشکاندنی هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستی کە توانای گلۆباڵی هەبێت، دەتوانرێت هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی لەگەڵ بەکار بهێندرێت، تەنانەت بەکارهێنانی ئۆپەراسیۆنی گەورەی سەربازی کە زیاتر لە ١٠ هەزار سەرباز لەخۆ بگرێت. دووەم: وەرچەرخانی ئەو سیسیۆپۆلیتیکەی کە وەك فیکرێکی شاراوە لە پشتی ئایدیۆلۆژیەتی جیهادییەوە خۆی حەشار داوە، بۆ بەدەستهێنانی ئەم وەرچەرخانە پێویستە هانی ئازادی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا بدرێت، بۆ ئەمەش ئەمریکا دەبێت بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەو پشتگیری دیموکراتی بکات لەهەموو ئەو دەوڵەتانەی دەستتێوەردان دەکرێت و بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر. خاڵی بەهێزی ئەم ستراتیژە، لانی کەم لەسەر ئاستی تیۆری ئەوەیە کە شانسی ئەوە هەیە کە بۆ هەتا هەتایە سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا بەدەست بهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیدێکی یەکلاکەرەوەیە لە شەڕی عێراقدا، لەبەر ئەوەی بەرپرسارنی ئەمریکی کە بریارن دا، شەڕی عێراق بکەن، لەوەدا هەڵەی گەورەیان کرد کە سەرچاوە و ئیمکانییەتی پێویستیان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق تەرخان نەکردبوو، بۆیە کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ هەموو ئەو دەستکەوتانەی بەهەدەردا کە سەربازانی ئەمریکی بە قوربانیدان بەدەستیان هێنابوو.

بۆیە ئەو ئیمکانیەتەی کە پێویستە تەرخان بکرێت و بۆچەند ساڵێك تەحەمولی بکرێت، بەدیاریکراوی کێشەی سەرەکی ئەم ستراتیژەیە، ئەمەش بەو مانەیە وەرچەرخانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بەو جۆرەی ئەمریکا مەبەستێتی لە هەر بارودۆخیکدا بێت تەحەددییەکی گەورە دروست دەکات، بەڵام بەرپرسیاریەتی لە دابینکردنی ئەم ئیمکانیەتە، تەنیا یەك لایەنە نییە، لەبەر ئەوەی ناردنی هێزی زۆر و دابینکردنی ئیمکانیەتی گەورە بۆ شەڕی دژی تیرۆر ستراتیژیەتی ئەمریکا دوچاری کەموکورتی دەکات و لەسەر حیسابی چەندین ژیاری دیکە و گرنگ تەواو دەبێت، وەك گۆڕانکاری ژینگە و هەڵکشانی ڕووسیا و چین. لە دوماهیدا ئەو ستراتیژەی کە پشتبەستووە بە دەستتێوەردانی گەورەی سەربازی لە مەترسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوە دەبێتە هۆکاری شکستی گەورە کە لە ستراتیژیەتی شوێن پێ دوورمان دەخاتەوە. هەربۆیە ستراتیژیەتی دەستتێوەردانی گەورەی سەربازی چەند سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام زیاتر ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبینەوە، کە لەوانەیە نەتوانین بەسەریاندا زاڵ بین، هەر بۆیە وەك لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ بینمان هیچ کاندێکی سەرۆکایەتی خۆی لە بژارەی ستراتیژیەتی دەستتێوەردانی گەورەی سەربازی نزیك نەدەکردەوە، دۆناڵد ترامپ-یش زۆر ڕاشکاوانە جۆرێك لە بونیادنانی نەتەوەی خستە سەرمێزەکەی.

## ● جووڵە بە نەگۆڕی

ترااژیدیای شەڕی ئەمریکا لەسەر تیرۆر ئەوەیە کە چارەسەرێکی خاوێنی نەبووە، هەر یەك لەو چوار بژارەی لەم دیراسەتە ئاماژەمان پێکردوون، کەموکورتی خۆیان هەیە، لەهەندێك حاڵەتەدا ئیفلیجبوونیشی هەیە، وێڕای هەموو ئەمانەش ئەمریکا پێویستە ستراتیژیەتی هەبێت، بەڵام ئایا کام لەم بژارانە هەڵدەبژێرێت؟ بەرپرسانی ئەمریکی پێویستە هەر دوو بژارەی خۆتێوەنەگلاندن و دەستتێوەردانی گەورەی سەربازی لەسەر بنەمایەکی عەمەلی فەرامۆش بکەن، خۆتیوەنەگلاندن لەسەر ئەو گریمانەیە گرەو دەکات کە هێشتا تاقینەکراوەتەوە، بۆ نموونە کشانەوەی هێزەکان دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی هەڕەشەی تیرۆر، بەڵام دەرکەوت ئەم حاڵەتە ئەمریکای زۆر لاواز پیشانداو هەڵەش بوو، ژمارەیەکی زۆر کەم لەسیاسەتمەداری خاوەن لۆژیك ژیانی سیاسی خۆی دەخاتە مەترسییەوە و گرەو لەسەر ئەم گریمانەیە دەکات، هەروەها بژارەی دەستتێوەردانی هێزی سەربازیی گەورەش زۆر قورسە جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتێکی هێجگار گەورەی دەوێت، بۆیە زۆر زەحمەتە سەرکردە سیاسیەکان بتوانن لەسەر ئەم ئاراستەیە بەردەوام بن.

●●●

**ئەم بابەتە لە ژمارەی مارت و نیسانی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاو کراوەتەوە.**

**تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەنجامی کەڵەکەبوونی نەبوونی ئازادی سیاسییە لە جیهانی ئیسلامیدا، لەم حاڵەتەدا ئەمریکا دەبێت خودی نەخۆشییەکە چارەسەر بکات، نەک لەگەڵ دەرهاویشتەکەی مامەڵە بکات، هەر ئەمەشە بۆتە هۆکاری ئەوەی کاتێک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی تێکدەشکێندرێت، دوای ئەوە ڕێکخراوێکی تازەتر دەردەکەوێتەوە**

**بەرپرسارنی ئەمریکی کە بریارن دا، شەڕی عێراق بکەن، لەوەدا هەڵەی گەورەیان کرد کە سەرچاوە و ئیمکانییەتی پێویستیان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق تەرخان نەکردبوو، بۆیە کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ هەموو ئەو دەستکەوتانەی بەهەدەردا کە سەبازانی ئەمریکی بە قوربانیدان بەدەستیان هێنابوو**

# سیاسەتی بەریتانیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە دوای رووداوەکەی ویستمنیستەرەوە

هەمیشە پرسیارەکە ئەوە بوو، ئایا کەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا رووبەڕووی هێرشێکی تێرۆریستی دیکە دەبێتەوە. ژمارەی کوژراوەکانی پەلامارەکەی ویستمنیستەر چوار کەس بوون، ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. ئەنجامدەرەکە ناوی خالید مەسعود بوو، کە هاووڵاتییەکی بەریتانی بوو و ببووە موسڵمان. دەوڵەتی ئیسلامی کە بە (داعش) ناسراوە، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و مەسعودی وەك «سەربازێکی دەوڵەتی ئیسلامی وەسف کرد کە «هەڵساوە بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێك وەك وەڵامدانەوەی بۆ بانگەوازەکانی پەیوەست بە بەئامانجگرتنی هاووڵاتییانی هاوپەیمانێتی دژی داعش.»

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بۆتە ئامانجی توندڕەوە ئیسلامییەکان. لە مانگی تەممووزی ٢٠٠٥دا تۆڕی گواستنەوەی لەندەن، بە ئەنجامدانی چەند تەقینەوەیەك کرایە ئامانج ( کە ٥٢ کەسی تێدا کوژرا)، هەروەها پەلاماردانی «لیی ریگبی» بە چەقۆ و کوشتنی لە مانگی ئایاری ٢٠١٣دا بەڵگەیەکی دیکەیە لەم رووەوە، بە هەمان شێوە سەفەرکردنی نزیکەی ٨٥٠ کەس لە وڵاتەکەوە بۆ سووریا تاوەکو شەڕ بۆ داعش و گروپە رادیکاڵەکانی دیکە بکەن.

هەرچۆنێك بێت، ئەمە تەنیا رووکەشی مەسەلەکەیە. لەبەر ئەوەی لە دوای رووداوەکانی ٩/١١ وە، لە هەموو ساڵێکدا شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، یان هێرشێکی تیرۆریستی گەورەی پوچەڵ کردۆتەوە، یان دووچاری بۆتەوە. کە زۆرێکیان گرێدراوی ئەلقاعیدە بوون و سەرچاوەیان لە پاکستانەوە گرتبوو. پیلانگێڕی دروستکردنی بۆمبی ماددە پیتێنەرەکان لە ساڵی ٢٠٠٤، پیلانگێڕی بۆمبی دروستکراو لە ماددە شلەکان لە ساڵی ٢٠٠٦، هەروەها پیلانگێڕی بۆمبەکەی «ئیستەر» لە ساڵی ٢٠٠٩دا، هەموویان نموونەن لەم رووەوە. هێرشەکانی دیکە لە ناوچەی شامەوە سەرچاوەیان گرتبوو. ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و هێرشی خۆکوژی لە لەندەن و گلاسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٧دا، لەلایەن رێکخراوەکەی پێش داعشەوە، واتە ئەلقاعیدە لە عێراقدا ئەنجامدران. ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی لە سووریادا پلانیان بۆ دارێژدرا لە ساڵی ٢٠٠٥دا شانشینی یەکگرتوویان ناچارکرد، هێرشێکی سەرکەوتووی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ئەنجام بدات دژی هاووڵاتییەکانی خۆی، کە بۆ یەکەمجار بوو کارێك لەو شێوەیە ئەنجام بدات.

**لە کاتێکدا کە شانشینی یەکگرتوو تەرکیزی لەسەر داعش دەبێت، ئەوا ناتوانێت ئەو مەترسییانە نادیدە بگرێت کە لە ئەلقاعیدە و گروپە گرێدراوەکانی دیکەوە سەرچاوە دەگرن**

**سەرەڕای زیادکردنی بودجەی دەزگای هەواڵگری ناوخۆیی، ئەوا ناتوانێت شوێنپێی هەموو ئەو هێرشانە هەڵگرێت کە ئەگەری روودانیان لێدەکرێت. پێشتر سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوخۆیی رایگەیاند کە ئێمە تەنیا دەتوانین «گورز لەو تیمساحانە بوەشێنین کە لە بەلەمەکە نزیک دەبنەوە»**

## ● سیاسەتێکی توندوتۆڵ

لە رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزمدا بە هیچ شێوەیەك لەندەن ساردی نەنواندووە. لە دەرەوەڕا، سوپاکەی پابەند کردووە بە هەوڵەکانی شەڕی ئەفغانستان، عێراق و، سووریا و مەشقی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری لە سۆماڵ و مالی ئەنجام داوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، دادگاکانی بەریتانیا ٢٦٤ حوکمیان لەسەر ئەو هێرشە تیرۆریستییانە دەرکردووە، کە ئیلهامیان لە ئیسلامیزمەوە وەرگرتووە. وەزارەتی ناوخۆ پەرەی بە ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی داوە. دەزگا ئەمنییەکان چاودێری زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس دەکەن لە شانشینی یەکگرتوودا ئەوانەی کە گومانیان لێدەکرێت ئامادەیی ئەنجامدانی هێرشیان تێدا بێت. ئاژانسەکانی هەواڵگری ناوخۆیی و دەرەکی بەریتانیا و هێزی پۆلیس بە شێوەیەکی کارا پێکەوە کاردەکەن.

لە ساڵی ٢٠١٤دا، تیریزا مەی، (کە ئەو کاتە وەزیری ناوخۆ بوو، ئێستا سەرۆك وەزیرانە) توانی کاربکات بۆ پیادەکردنی رێوشوێنەکانی لێسەندنەوەی رەگەزنامە لەو بەریتانییانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کاری تیرۆریستیان ئەنجام دابێت، ئەمە ئەگەر هاتوو خاوەنی دوو رەگەزنامە بن، یاخود باوەڕێکی ماقووڵ لە ئارادا بوو کە دەتوانن رەگەزنامەیەکی دیکە بەدەست بهێنن. هەروەها شانشینی یەکگرتوو هەندێ لەو بیانییانەی لە وڵاتەکەی دەرکرد کە گومانی تیرۆریست بوونیان لێدەکرا (هەرچەندە دووچاری بەرهەڵستییەکی توند بۆوە لەلایەن دادگاکانەوە لەسەر بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەمەش ئاستەنگێکی بەردەوامی بۆ دروست کردووە).

هەر ئەمەش بەشێکی ئەو هۆکارە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، حکومەتی پارتی کرێکاران رێوشوێنەکانی کۆنترۆڵکردنی خستەڕوو. کە ئەم رێوشوێنانەش لەلایەن حکومەتە هاوپەیمانێتیەکەوە هەموارکرانەوەو، ناوەکەی




رۆبین سیموکس
توێژەر لە ئامۆژگای هێرتاج فاوندەیشن
سەرچاوە: گۆڤاری فۆرین ئەفێرز

گۆڕا بۆ ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە و بەرگرتن بە تیرۆریزم لە ساڵی ٢٠١١دا. کە ئەم ڕێوشوێنانەش ئەو کەسانە دەکاتە ئامانج کە گومانی تیرۆریست بوونیان لێدەکرێت و نە دەتوانرێت تۆمەتبار بکرێن و نە دیپۆرت بکرێنەوە، ئەمەش بوار بە دەوڵەت دەدات بۆ ئەوەی پاسپۆرتەکانیان لێ زەوت بکات و، ڕێگریان لێبکات بۆ ئەوەی خۆیان پەیوەست نەکەنەوە بە کەسە گومانلێکراوەکانی دیکەوە، یان هاتوچۆی چەند مزگەوتێکی دیاریکراو نەکەن، لەگەڵ ڕێگری لێکردنیان لە بەکارهێنانی جۆرگەلێکی دیاریکراوی ئامێری ئەلیکترۆنی، هاوشان بە سەپاندنی قەدەغەکردنی هاتوچۆکردن بەسەریانەوە.

لە بوارە ئایدیۆلۆژییەکەدا، پرۆگرامی بەرگرتنی تایبەت بە بەرپەرچدانەوەی رادیکاڵیزم، کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن حکومەتی پارتی کرێکارانەوە خرایەڕوو، بەڵام تەنیا لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ـەوە زیاتر زەق بۆوە، ئامانجیش بریتی بووە لە ڕێگرتن لەوەی خەڵکی ببنە تیرۆریست، یان پشتیوانی تیرۆریزم بکەن. ئەم پرۆگرامە بوار بە حکومەتە مەحەلییەکان، بە پۆلیس، قوتابخانەکان، زانکۆکان، زیندانەکان، نەخۆشخانەکان و گروپە موسڵمانەکان دەدات، بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن بۆ دەستنیشانکردن و تەحەددیکردنی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیزمی توندڕەو (ئەگەرچی ئەم ڕێگریکردنە تەرکیز لەسەر سەرجەم شێوازەکانی توندڕەوی دەکاتەوە). یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ئەم بەرپێگرتنە بریتییە لەو پرۆسەی دەستتێوەردانەی ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی دوورخستنەوەی تاکەکەسەکان لە تیرۆریزم. لە ماوەی دەیەی رابردوودا بە هەزارەها حاڵەتی دەستنیشانکردنی ئەنجامداوە.

کاردانەوەی شانشینی یەکگرتوو بۆ تیرۆریزمی ئیسلامی بێ کەموکوڕی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ڕێوشوێنانە- هاوشان بە بڕیاری شانشینی یەکگرتوو بۆ ئەوەی نەبێتە بەشێك لە ناوچەی شنگن و مامەڵەکردنی بە حەزەری لە پێوەندی بە قبووڵکردنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانەوە- بە مانای ئەوە هاتووە کە لەندەن توانیویەتی بە شێوەیەکی کاراتر لە پایتەختەکانی دیکە خۆی بپارێزێت.

## ● هەنگاوەکانی داهاتوو

دەبێت کاری زیاتر بکرێت. مەسعود لە ژێری چاودێری هەواڵگری بەریتانیدا بوو. دەزگای هەواڵگری ناوخۆیی شیکردنەوە بۆ ئەوە دەکات کە دەیتوانی ڕێگری لەو هێرشە بکات و بوار بە هێرشی دیکە نەدات لە داهاتوودا کە دووبارە ببنەوە. بە دڵنیاییەوە، سەرەڕای زیادکردنی بودجەی دەزگای هەواڵگری ناوخۆیی، ئەوا ناتوانێت شوێنپێی هەموو ئەو هێرشانە هەڵگرێت کە ئەگەری ڕوودانیان لێدەکرێت. پێشتر سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوخۆیی رایگەیاند کە ئێمە تەنیا دەتوانین «گورز لەو تیمساحانە بوەشێنین کە لە بەلەمەکە نزیك دەبنەوە» و مەسعودیش وەك هەڕەشەیەکی بەپەلە لە قەڵەم نەدرا. هیچ ئاژانسێکی ئەمنی ناتوانێت هەموو کاتێك ڕاست و دروست بێت، هەروەها ناکرێت هەموو جارێکیش ئەم چاوەڕوانییەیان لێبکەین. مەحاڵە بتوانرێت ڕێگری لە سەرجەم تاکەکەسە رادیکاڵەکان بکرێت کە خواستی ئەنجامدانی کوشتاریان هەیە لەوەی ئۆتۆمبێلێك بە کرێ بگرن، یان چەقۆیەك بکڕن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ بوار هەیە کە حکومەت دەتوانێت هەوڵەکانی تێدا چڕبکاتەوە. سەرەتا دەبێت، کار بکات لەسەر تێکشکاندنی ئەوەی پێی دەڵێن خەلافەت لە عێراق و سووریا. بەڵام لە کاتێکدا کە شانشینی یەکگرتوو تەرکیزی لەسەر داعش دەبێت، ئەوا ناتوانێت ئەو مەترسییانە نادیدە بگرێت کە لە ئەلقاعیدە و گروپە گرێدراوەکانی دیکەوە سەرچاوە دەگرن.

لە ڕووی ناوخۆییەوە، ڕەوتێکی ڕوون هەیە کە ئەوانەی مێژوویەکیان هەیە لە تاوانی بچووك، یان توندوتیژ بەرەو ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی بڕۆن. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێت حکومەت ئەولەوییەت بدات بە چارەسەرکردنی رادیکاڵیزکردن لە زیندانەکان و، ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەدەبیاتی توندڕەوی لەو زیندانانەدا. لەوەش زیاتر، دەسەڵاتدارەکان هۆشیارن بەو ڕاستییەی کە بەلای کەمەوە لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە کە تیرۆریستان بە شێوەیەکی ساختەکارانە هەڵساون بە بەکارهێنانی ئەو هاوکارییانەی دەوڵەت دابینی کردوون بۆ دابینکردنی دارایی بۆ چالاکییە تیرۆریستییەکان. کە قابیلی قبوڵ نییە هیشتا ئەمە ڕووبدات و بەردەوام بێت.

**دادگاکانی بەریتانیا ٢٦٤ حوکمیان لەسەر ئەو هێرشە تیرۆریستییانە دەرکردووە، کە ئیلهامیان لە ئیسلامیزمەوە وەرگرتووە. وەزارەتی ناوخۆ پەرەی بە ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی داوە**

**لە دوای ڕووداوەکانی ٩/١١ وە، لە هەموو ساڵێکدا شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا، یان هێرشێکی تیرۆریستی گەورەی پوچەڵ کردۆتەوە، یان دووچاری بۆتەوە**